گفتوگۆ لەگەڵ دکتۆر "شاهۆ سەعید" دەربارەی:

# بیرکردنەوەی ڕەخنەیی



سازکردنی: وەلید عومەر

ئێستا کە باس لەڕۆڵی بەسەرچووی فەلسەفە دەکرێت، زۆرجار زاراوەیەکمان بەر گوێ یان بەرچاودەکەوێت بەناوی **"بیرکردنەوەی ڕەخنەیی"**ـەوە کە جاران ڕاستەوخۆ فەلسەفە خاوەنداریێتیی لێ دەکرد. وەک بڵێی شتەکە تۆزێک گۆڕابێت: جاران زاراوەکان زۆر نوخبەوی و پسپۆڕی بوون، ئێستا هەندێکیان بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهێنرێن و گەیشتوونەتە سەر زاری میدیا و سۆشیاڵ میدیا و گرووپ و ئەکادیمییا جۆراوجۆرەکان. دەشێت بیرکردنەوەی ڕەخنەیی یەکێک بێت لەو زاراوانەی کە پێویست بە ڕوونکردنەوە و وتووژێژ بکات. خێرە ڕێژەیەک خەڵک ئەم زاراوەیە بەکاردەهێنن بەبێ ئەوەی ئینتیمایەکی ڕاستەوخۆیان بۆ فەلسەفە هەبێت؟ ئایا ئەمە هەوڵێکە بۆ ئەوەی مەودا دێرینەکەی نیوان تیۆر و پراکتیک هەڵگیرێت و ئەو دیوە ئاڵۆزەی تیۆر پشتگوێبخریت کە ڕاستەوخۆ نەدەبەسترایەوە بە ژیانەوە؟ لەم دیمانەیەدا لەگەڵ "شاهۆ سەعید" باسەکە دەکەینەوە.

**شاهۆ سەعید،** پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە ڕەخنەی مۆدێرن و ئەدەبیاتی عەرەبیدا لە زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی لە سلێمانی. فووڵبرایتەر و خاوەنی بڕوانەمەی هەمفرییە لە زانکۆی پەنسلڤانیا ستەیت لە ئەمریکا. توێژەر بووە لە زانکۆی جۆرج تاون لە واشنتۆن لە بواری ڕەخنەی سۆسیۆلۆژییدا. ڕاوێژکاری بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بووە لە ئینستیتوتی شرایەر لە ئەمریکا. ئێستا سەرقاڵی نوسینی کتێبێکە بەهاوکاریی کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی پەنسلڤانیا ستەیت دەربارەی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، ئەویش لەپاڵ ئامادەکردنی توێژینەوەیەکدا بۆ سەنتەری عەرەبناسیی هاوچەرخ لە زانکۆی جۆرج تاون. شاهۆ سەعید لە گۆڤارەکانی ڕەهەند و سەردەمدا چەندین نوسین و وەرگێڕانی هەیە و پێشتریش وتەبێژی ڕەسیمی بزووتنەوەی گۆڕان بوو.

**پرسیاری یەکەم: زۆر بەسادەیی پێمان بڵێ بیرکردنەوەی ڕەخنەیی(Critical thinking) چیە؟ لەبنەڕەتیشدا بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بەرامبەر بە کام جۆرە «بیرکردنەوە»یەک دانراوە و ئەو شتە چیە کە پێچەوانەی بیرکردنەوەی ڕەخنەییە؟**

**ش. س**: بیرکردنەوەی ڕەخنەیی واتە گەشەدان بە توانای بیرکردنەوە لەڕێگای هۆشیاریی ڕەخنەییەوە، لەڕێگای پابەندبوون بە نەریتێکی ئەقڵییەوە، کە مەبەست لێی لێکدانەوەو هەڵسەنگاندن و ئەنجامگیرییە، دوور لە ڕیتۆریک و تەڵەکانی زمان. هۆشیاریی ڕەخنەیی بەو مانایە نایەت کە کەسی ڕەخنەگر تەنها ئارگیومێنت دژی کەسەکان دابمەزرێنێت، چونکە کەساندنی ڕەخنە یەکێکە لە کۆسپەکانی بەردەم بیرکردنەوە. پێویستە کەسی بیرکەرەوە بەر لە هەرشتێک ئارگیومێنت دژی ئەو ئایدیاو باوەڕانەی خۆی دابمەزرێنێت کە بە فلتەری چاودێریی ڕەخنەییدا تێنەپەڕیون و وەک فاکت و هەقیقەتی پێشوەخت وەریگرتوون. ئارگیومێنت لە بیرکردنەوەی ڕەخنەییدا تەنها پەیوەندیی بە مشتومڕی نوسراو یان زارەکیی نێوان دوو کەسەوە نیە؛ بەڵکو لە هەموو پرۆسەیەکی بیرکردنەوەدا ئامادەیی هەیە. لە کاتی بەریەککەوتنمان لەگەڵ دیاردەکاندا، یان لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکاندا، ئێمە تەنها وەرگرێکی پاسیڤ نین، بەڵکو هاوکات بیردەکەینەوە و وتووێژی گریمانەیی لەگەڵ ئەوانیتر دادەمەزرێنین. بەهەمان شێوە لە کاتی نوسین و داهێنان و پێداچوونەوەی بەرهەمەکانی خۆماندا وتووێژ لەگەڵ خۆمان دەکەین. ئەم پرۆسەیە جۆرێکە لە زاووزێی بەردەوامی فیکر کە توانای ڕامان و ڕەنگدانەوە Reflection دەستەبەردەکات، گەشە بە کەسایەتیی فیکریی کەسی بیرکەرەوە دەدات. کەسی بیرکەرەوە مەرج نیە نوسەر بێت، یان ناوی ڕەخنەگر لەخۆی بنێت، مەرج نیە تەنها لە کایەی بەرهەمهێنانی سەرمایەی ڕەمزییدا کاربکات؛ بەڵکو

دەشێت سەرقاڵ بێت بە بوارەکانی تری ژیانەوە، دەشێت سرووشتناس بێت، کاڵا بەرهەمبێنێت، سەرقاڵ بێت بە بازاڕو بواری کارگێڕی و چالاکیی کۆمەڵایەتییەوە. لە هەموو حاڵەتەکاندا، ڕەسەنایەتیی کەسی بیرکەرەوە بەوە پێوانەدەکرێت کە تا چەندە توانای تێگەیشتنی دیاردەکانی هەیە لەناو کۆنتێکستدا، چەندە توانای بینین و تاقیکردنەوەی دیدگای ئەوانیتر و تەنانەت دیدگای نەیارەکانی خۆیشی هەیە، چەندە توانای دەسکارییکردنی پەیوەندییە باوەکانی نێوان فیکر و جیهانی هەیە. بۆ نمونە مەرج نیە تەنها ئەو کەسانە کێشەیان لەگەڵ بیرکردنەوەی ڕەخنەییدا هەبێت کە نەخوێندەوارن و سەروکاریان لەگەڵ نوسین و تێکستدا نیە. زۆرجار نوسەر و ڕەخنەگرەکانیش نا-ڕەخنەییانە بیردەکەنەوە، ناڕەخنەییانە ئارگیومێنت دەکەن و حوکم دەدەن، توانای ئەوەیان نیە لەناو کۆنتێکستدا بیربکەنەوە. واتە دەشێت گۆڕان بەسەر ئەو تێز و دراوانەدا بێت کە پێشتر قەناعەتەکانی خۆیانیان لەسەر بنیاتناوە، بەڵام گۆڕان بەسەر خودی قەناعەتەکانیاندا نایەت. نوسەر یان ڕەخنەگری لەم جۆرە توانای ئەوەی نییە ئارگیومێنتی ڕەخنەیی لەگەڵ خۆی دابمەزرێنێت، یان لەوانەیە ئیگۆ و گرێکانی ڕێگەی پێنەدەن کارێکی لەو جۆرە بکات. لە بەرامبەردا ڕەنگە کەسێک لە کایەی کشتوکاڵدا، یان لە بازاڕدا، یان لە تاقیگەدا کاربکات؛ بەڵام ئەو هەقیقەتە باش بزانێت کە هەموو گۆڕانێک لە دۆخی بازاڕ و سیاقی سرووشتی و کۆمەڵایەتییدا کاریگەریی لەسەر خودی دیاردەکان بەجێدێڵێت و مانای دیاردەکان دەگۆڕێت. مەبەستمە بڵێم بیرکردنەوەی ڕەخنەیی پێویستییەکی زەینییە بۆ هەموو مرۆڤەکان بەبێ جیاوازی، نەخۆشی و کۆسپەکانی بەردەم بیرکردنەوەی ڕەخنەییش رووبەڕووی هەموومان دەبێتەوە بێ جیاوازی، بە نوسەران و ڕەخنەگرانیشەوە.

کۆمەڵێک نەریتی خراپی ئەقڵی مرۆیی هەن وەک کۆسپی بەردەم بیرکردنەوەی ڕەخنەیی ئەژماردەکرێن. هەندێکیان سایکۆلۆژیین و هەندێکیان کۆمەڵایەتی و کەلتوریین، هەندێکیان ئایدیۆلۆژین و درێژبوونەوەیان لەناو ئاین و فەلەسەفە و کایەکانی تری مەعریفەدا هەیە. ئیگۆسەنتەریزم دیارترین کۆسپی سایکۆلۆژییە کە توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لاوازدەکات یان بەتەواوی لەناویدەبات. ئیگۆ-سەنتەریزم واتە خود-نێوەندی، ئەو کاتەیە کە مرۆڤ خۆی لێدەبێتە چەقی گەردوون و گۆشەنیگای خۆی لێدەبێتە درووستترین و ڕەواترین گۆشەنیگا. هەموو مرۆڤەکان ئەم قۆناغەدا تاقیدەکەنەوە؛ چونکە پەیوەندیی بە گەشەی کۆگنێتیڤ و [زانینناسییانە]ـی منداڵ و هەرزەکارەوە هەیە. بەڵام هەندێک لە مرۆڤەکان درەنگ تێی دەپەڕێنن، یان تیایدا دەچەقن و دەبنە یەخسیری ئیگۆی خۆیان. هەندێک جار ئیگۆسەنتەریزم دەبێتە هاندەر بۆ داهێنان و سەرکەوتن لە ژیاندا، واتە مەرج نیە مرۆڤی ئیگۆسەنتەریست توانای بیرکردنەوەی نەبێت، بیردەکاتەوە بەڵام بەشێوازێکی ناڕەخنەیی، بەمەبەستی پاساوهێنانەوە و سەپاندنی دیدگای تایبەتی خۆی، بگرە هەندێک جار توانای ئەوەی هەیە زۆر زیرەکانە تەڵەکانی ڕیتۆریک و زمان و چەواشەگۆیی لۆژیکی بەکاربێنێت بۆ تاریکاندن و شاردنەوەی پەیوەندیی نێوان فاکتەکان. هەندێک لەوانەی بەشێوەیەکی ناڕەخنەیی بیردەکەنەوە سەرەتا دەبنە یەخسیری ئیگۆی خۆیان، پاشان دەبنە دیلی ئیگۆیەکی گەورەتر کە دەشێت لە وێنەی سەرکردە، یان پارتێکی سیاسی، یان عەقیدەیەکی ئاینی، یان ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراودا بەرجەستە ببێت. ئەو دۆخە پێی دەوترێت سۆسیۆ-سەنتەریزم، واتە ئەو کاتەی مرۆڤ هەستدەکات ناتوانێت بە ئیگۆی خۆی شەڕی ئیگۆکانی تر بکات، بۆیە بە ناچاری پەنا دەبات بۆ ئیگۆیەکی دەستەجەمعیی گەورەتر، هەوڵدەدات لە

ئیگۆیەکی گەورەتردا بتوێتەوە و تەماهی بکات کە غروور و ئارامیی سایکۆلۆژیی بۆ دەستەبەردەکات.

هەرچەندە لۆژیک زانستێکی بێلایەن و نیوترالْ نیە؛ بەڵام شارەزابوون لە لۆژیک بەردی بناغەی بیرکردنەوەی ڕەخنەییە. ئێمە لە ڕێگای لۆژیکەوە ڕاستی و درووستیی ئارگیومێنت فێردەبین؛ لە هەمان کاتدا دەتوانین لەڕێی لۆژیک خۆیەوە فێڵەکانی لۆژیک و ڕیتۆریک کەشف بکەین. بۆیە نەریتێکی خراپی دیکەی ئەقڵی مرۆیی کە دەچێتە خانەی دژایەتیکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەییەوە بریتییە لە ڕقبوونەوە لە لۆژیک و ئارگیومێنتی فیکری. ڕق لە لۆژیک نەریتێکی باوە لە زۆربەی ئەو کۆمەڵگانەدا کە تەمبەڵیی فیکریی و دیدی غەیبانی و تاکڕەوانە تیایاندا زاڵە. رق لە لۆژیک واتە ڕق لە ماتماتیک، واتە دژایەتیکردنی ئەو ڕاستییەی کە پێماندەڵێت: هاوتەریب لەگەڵ جیهانی سرووشتی و کۆمەڵایەتیدا، کۆمەڵێک دراوی ڕەمزی و کۆمەڵێک هاوکێشە هەن دیاردەکان بەڕێوەدەبەن. تێگەیشتن لەو هاوکێشانە و تەرجەمەکردنیان بۆ کۆنسێپت و زمانی ماتماتیک بەرچاومان زیاتر ڕۆشندەکاتەوە. هەروەها دەسکاریکردنی ئەو هاوکێشانە لە دنیای گریمانەیی فیکردا، بە باش یان بە خراپ، کاریگەریی لەسەر زەمینی واقع بەجێدێڵێت.

هەر وەک چۆن ڕق لە لۆژیک "بیرکردنەوەی نا-ڕەخنەیی" بەرهەمدێنێت، زیادەڕۆییش لە بیرکردنەوەی لۆژیکیدا دیوار لەنێوان دنیای ئایدیاکان و دنیای واقعدا درووستدەکات. تەرجەمەکردنی جیهان بۆ دراوگەلێکی ڕەمزی بەهەمان ئەو ئەندازەیەی گرنگە، مەترسیی خۆیشی هەیە، بەتایبەتی کاتێک کەسی بیرکەرەوە لە وێڵگاکانی دنیای ڕەمزیدا وندەبێت و توانای هاتنەدەرەوە و گەڕانەوەی بۆ دنیای واقعی نامێنێت. بەهۆی نەریتی مەدرەسیی

خۆرئاوای سەدەکانی ناوەڕاستەوە، کە دواتر بووە هەوێنی درووستبوونی زانکۆی مۆدێرن، هەروەها نەریتی خوێندنی کەلام و شەریعەی ئیسلامی کە بووە هەوێنی دروستبوونی خوێندنی حوجرەیی و مەرجەعیەت و حەوزەی ئاینی..، دیوارێکی جیاکەرەوە لەنێوان نوخبەی فەیلەسوفان و خوێندەواران و پیاوانی ئاینی لە لایەک و خەڵکی ئاسایی لەلایەکی ترەوە درووستبوو، کە تا ئێستا بە جۆرێک لە جۆرەکان و لە سیاقی جیاوازدا درێژبوونەوەی هەیە. بەم پێیە، بیرکردنەوە لە کردەیەکی مرۆییەوە بووە ئەرکی نوخبەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵگا. لە دۆخێکی وادا، بیرکردنەوە گرنگترین ڕەگەزی خۆی لەدەستدەدات کە بریتییە لە زاووزێی فیکریی کە لە ئەنجامی ئارگیومێنت و بەریەککەوتنی نێوان فیکر و جیهاندا درووستدەبێت. واتە هەرچەندە لۆژیک کۆمەکمان دەکات جیهان تەرجەمەبکەین بۆ کۆمەڵێک هاوکێشەی ڕەمزی؛ بەڵام زیادەڕۆیی لە لۆژیکدا ئەو توانایە لەدەستدەدات کە هاوکێشە زەینییەکان تەرجەمەبکەینەوە بۆ هاوکێشەی واقیعی، ئیتر لە دنیای مەجازی و گریمانەییدا بەند دەبین.

لە دوای ڕێنیسانسەوە شەڕی زۆربەی بیرکەرەوە ڕەخنەییەکان دژی دوو فۆرمی پەڕگیری مامەڵەکردن بوو لە گەڵ لۆژیکدا؛ یەکەم مامەڵەیەکی نەرێنی بوو، کە سنوری بۆ حەڵاڵ و حەرام لە بیرکردنەوەی مرۆڤدا دەکێشا. دووەم مامەڵەیەکی ئەرێنی بوو، کە بایەخدانی بە لۆژیک دەبردە ئاستێک کە جیهانی فیکر دەکاتە ئاڵتەرناتیڤی ژیانی ڕاستەقینە. هەربۆیە پسپۆڕانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لە سەدەی بیستەمدا گەشەیان بە تێزێکی تازە دا لەژێر ناوی "لۆژیکی نافەرمی"، واتە ئەو لۆژیکەی کە لە پەیوەندیی بەردەوامدایە لەگەڵ دراوە واقیعییەکان و ژیانی کۆمەڵایەتیی تاک و کۆمەڵگادا. گرفتی لۆژیکی فەرمی، کە لە ئەرستۆوە دەستپێدەکات، لەوەدایە بیرکردنەوەو ئارگیومێنتی فیکری دەکاتە کاری دەستەبژێرێکی

بچووکی کۆمەڵگا. هەموو ئەو بابەتانەش کە لەناو ئەو دەستەبژێرەدا تاوتوێدەکرێن بابەتگەلێکی میتافیزیکی و فیکریی پەتین، دابڕاو لە گرفت و پرسیارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتورییەکان. لە بەرامبەردا، لۆژیکی نافەرمی واتە گەڕاندنەوەی ئارگیومێنتی لۆژیکی بۆ ناو کۆمەڵگا و نێوەندەکانی خوێندن، لە قۆناغی سەرەتاییەوە بۆ خوێندنی باڵا، بەمەبەستی تاوتوێکردنی ئەو گرفت و پرسیارانەی کە هەنوکەیین و بەشێکن لە خەمی کۆمەڵگا بەگشتی.

لە ئێستادا بیرکردنەوەی ڕەخنەیی هاوتا و دیوی دووەمی بیرکردنەوەی داهێنەرانەیە. واتە لۆژیک تا ئەو شوێنە پێویستە کە فێرماندەکات بە پلەکانی مەعریفەدا سەربکەوین، لە نزمترین پلەوە، کە وەرگرتنی زانیارییە بە شێوەیەکی پەتی، پاشان تێگەیشتن و بەکردەکردن و شیکردنەوەی زانیاری، تا دەگاتە هەڵسەنگاندن و ڕەخنەکردنی زانیاری. بەڵام هاوکات لەگەڵ هەر پلەیەکی مەعریفیدا ئێمە پێویستمان بە بەگەڕخستنی خەیاڵی داهێنەرانەیە، پێویستمان بە لێک موتوربەکردنی ڕەگەزە جیاوازەکانی جیهانی گریمانەیی و جیهانی سرووشتییە بۆ بەدەستهێنانی ئاڵتەرناتیڤی نوێ لە هەموو کایە ڕەمزی و فیزیکییەکانی ژیاندا. تازەترین تیۆرەکانی مەعریفەو فێرکاری جەخت لەوە دەکەنەوە کە باڵاترین ئاستی بیرکردنەوە ئەو جۆرەیە کە فێری داهێنانمان دەکات نەک دووبارەکردنەوە. ئەگەر لۆژیک فێری پرۆسەیەکی زەینیی سیستماتیکمان بکات تا لەڕێگەی تێکەڵکردنی تێزە فیکرییە جیاوازەکانەوە تێزی نوێ و لێکدراو دەستبخەین؛ ئەوە بیرکردنەوەی داهێنەرانە فێری ئەوەمان دەکات لە سیستم دەرچین و گەمە لەگەڵ ئایدیا و ئیلیمێنتەکاندا بکەین، خەیاڵ بەگەڕ بخەین و بۆ گەڕان بە دوای ئاڵتەرناتیڤی نوێدا لە هەموو کایەکاندا، لە هونەر و ئەدەبیاتەوە بۆ تەکنەلۆژیای زانیاری، تا زانستی دیزاین و ئەندازیاری و گەردووناسی و سەرجەم بوارەکانی تری زانست. بیرکردنەوەی ڕەخنەیی دژی ئەو نەریتە فەلسەفییەیە کە لە ئەفلاتۆنەوە دەستپێدەکات و بە

چاوی نزم تەماشای هونەر دەکات، ئەو نەریتەی زیاتر بایەخ بە بیرکردنەوەی پەتی و درووستکردنی کلێشەی میتافیزیکی و فیکری دەدات کە بە درێژایی مێژوو کۆتوبەندی بۆ داهێنەران درووستکردووە. بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لە رووی فەلسەفییەوە هەوڵدەدات ئەو دوو قوتابخانە فیکرییە پێکەوە ئاشت بکاتەوە کە بە قوتابخانەی ئەقڵانی و ئەزموونگەری ناسراون، لە ڕووی سایکۆلۆژیشەوە هەوڵدەدات دوو وەزیفەی مێشکی مرۆڤ، کە تا ئێستا بە جیا بایەخیان پێدراوە -وەزیفەی بیرکردنەوەی پەتی و وەزیفەی خەیاڵی داهێنەرانە- لێکگرێ بدات و لە یەک وەزیفەدا کۆیانبکاتەوە.

نەریتێکی تر کە ناکۆکە لەگەڵ بیرکردنەوەی ڕەخنەییدا، ئەو نەریتە پەروەردەیی و ئەکادێمییە نەریتپارێزەیە کە جیاکاری لەنێوان پسپۆڕییەکان و کایەکانی مەعریفەدا درووستدەکات. بیرکردنەوەی ڕەخنەیی هەوڵدەدات بایەخی مەعریفیی هاوبەش لەنێوان پسپۆڕییەکاندا بدۆزێتەوە، پشئەستور بە چەند پایەیەک کە بریتین لە فەلسەفە، لۆژیکی ماتماتیک، سایکۆلۆژیا، مۆراڵ و ئاکارناسی، تیۆرەکانی نوسین و خوێندنەوەی دەق، تیۆرەکانی داهێنان، لەپاڵ پێداگۆجی و پەروەردەدا. گەشەکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی هاوزەمانە لەگەڵ پەرەسەندنی نەریتێکی تازەی نێوەندە ئەکادێمییەکانی خۆرئاوادا، کە بە فرە پسپۆڕی و تێکڕژانی نێوان کایەکانی زانست و مەعریفە ناسراوە.

**پرسیاری دووەم: بیریارە دیارەکانی ئەم بوارە کێن و تێکستەکانی کامەن...یان گەر ڕەوتە مێژووییەکەی ڕوونکەیتەوە؟**

**ش. س:** ریشەی فەلسەفیی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دەرکەوتنی لۆژیک و ئارگیومێنتی فەلسەفی لای گریک. بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست ئارگیومێنت و لۆژیک خراونەتە خزمەتی تیۆلۆژیای ئایینییەوە؛ بەڵام لە ڕێنیسانس بەدواوە، میتۆدی ڕەخنەیی بەردی بناغەی هەر کەشفێکی زانستی و هەر وەچەرخانێکی ئەپستمۆلۆژیی گەورە بووە. جیهانی مۆدێرن قەرزاری کۆمەڵێک زانا و فەیلەسوفە کە لە ڕێگای بیرکردنەوەی ڕەخنەییەوە ڕووخساری مێژوویان گۆڕیوە. گالیلۆ، کۆپەرنیکۆس، بایکۆن، دیکارت، ڕۆشنگەرانی فەڕەنسا و ئەڵمانیا، کانت، هێگڵ، ئادەم سیمیت، لۆک، نیوتن، کۆنت، داروین، مارکس و فرۆید... نمونەی ئەو زاناو فەیلەسوفانەن کە بەر لەوەی خاوەنی هەر تێزو بۆچوونێک بن خاوەنی میتۆدی تایبەتی خۆیان بوون لە شیکردنەوە و ڕەخنەکردنی دیاردە و چەمکەکان و سەلەنوێ داڕشتنەوەیان.

بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بەو چەمکەی کە ئێستا لە خۆرئاوا باسی دەکرێت زادەی سەدەی بیستەمە. بۆ یەکەمین جار لە سەدەی بیستەمدا درزێک کەوتە ئەو دیوارە ئەستورەی کە لە نێوان لۆژیک و زانست و هونەردا بنیاتنرابوو. بۆ نمونە ئەنیشتاین و فیزیاناسەکانی بواری کوانتەم میکانیک، بە هەمان ئەو ئەندازەیەی پشتئەستور بوون بە تاقیگەی زانستی و شیکردنەوەی ماتماتیکی، پەنایان بۆ توانا خەیاڵییەکانی مرۆڤیش برد بەمەبەستی وێناکردنی گریمانەکانیان. فینۆمینۆلۆجیستەکان دیواری نێوان خود(سوبێکت) و بابەت(ئۆبێکت)یان هەڵگرت. فەیلەسوفە زماناسەکانی وەک دێ سۆسێر و ڤتگنشتاین، دیواری نێوان زمان و حەقیقەت و کۆمەڵناسی و تەلارسازییان لابرد. هەموو ئەو زانا و فەیلەسوفانە ڕێیان خۆشکرد بۆ وروژاندنی پرسیارێک دەربارەی ئەگەری "بیرکردنەوە لە دەرەوەی چوارچێوەدا"، نەک

تەنها لە بوارە وردەکانی زانست و فەلسەفەدا، بەڵکو لە ژیانی پیشەیی و پەروەردەو پێداگۆجیشدا.

پسپۆڕانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لە ئەمریکا بایەخی زۆر بە دوو بیریاری ئەمریکی دەدەن و پێیان وایە ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لە ڕەخنەکردنی سیستمی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیی نەریتپارێز و دامەزراندنی سیستمی پەوەردەی لیبراڵ، پشتئەستور بە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی. یەکەمیان کۆمەڵناس ئەنترۆپۆلۆژیست "ولیام گراهام سۆمنەر" و دووەمیشیان "جۆن دیوی"یە کە بە باوکی فەلسەفەی پەروەردەی ئەمریکیی هاوچەرخ لەقەڵەم دەدرێت. لە فەلسەفەی پەروەردەیی ئەوروپیشدا ئاماژە بە ڕۆڵی گرنگی دوو فەیلەسوف دەدرێت کە کاریگەرییان لەسەر تیۆرەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بەجێهێشتوە: فەیلەسوفی نەمسایی "ڤتگنشتاین" و بیریارو سایکۆلۆژیست "جان پیاژێ".

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا سۆمنەر کتێبێکی نوسی لەژێر ناونیشانی "فۆلکوەیز"، کە بە مانای ڕێورەسمی میللی دێت. لەو کتێبەدا بەراورد لەنێوان مەعریفەی کۆمەڵایەتیی دەستەجەمعی و مەعریفەی تاکەکان دەکات. پێشنیازدەکات سیستمی پەروەردەیی ئەمریکا گەشە بە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بدات، فێرخواز فێری ئەوە بکات هیچ زانیارییەک وەک حەقیقەت وەرنەگرێت و دیدی ڕەخنەیی بەگەڕبخات بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو زانیارییانەی لەگەڵ واقیع و دراوە زانستییەکاندا ناگونجێن. پێشنیازدەکات مامۆستایان و فێرخوازان لە هەردوو ڕەگەزەکە ڕاهێنانی بەردەوام وەرگرن بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی دوور لە نەریتە خراپەکانی ئەقڵ، وەک چەواشەگۆیی و خورافات و بەدگومانی. لە دیدی سۆمنەردا پێویستە مامۆستا ئەو فەرمانبەرە پەوەردەییەی کۆمەڵگای مۆدێرن بێت کە کۆتایی بە بیرۆکەی

پشتاوپشتکردنی حیکمەت و مەعریفە لە نەوەی کۆنەوە بۆ نەوەی نویٚ دێنێت، ئەرکی مامۆستا دروستکردنی نەوەیەکی نوێیە لە فێرخوازان کە دەستبەرداری تەنگبینی بن، ڕەخنەگرانە بڕواننە جیهان و گومان لە بەهاکان بەکەن، بەدوای بەڵگەدا بگەڕێن و هیچ زانیارییەک وەک فاکت وەرنەگرن.

جۆن دێوی بە شێوەیەکی ڕۆشنتر باسی لە بایەخی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی کرد، بە بەردی بناغەی سیستمی پەروەردەی هاوچەرخ و سیستمی سیاسیی دیمۆکرات لە قەڵەمی دا. ئەو پێی وابوو بە هۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگای پیشەسازیی ئەمریکاوە ستراکتۆری کۆمەڵگا گۆڕانی ڕیشەیی بەسەردا هاتووە، سیستمی کۆمەڵایەتی و پەروەدەیی نەریتپارێز توانای پەروەردەکردنی تاکی ئازاد و بەرهەمهێنی نەماوە. تاک کە یەکەیەکی گرنگی کۆمەڵگای مۆدێرنە دەبێت لەناو قوتابخانەدا دروستبکرێت، دەبێت قوتابخانە ببێتە ئاڵتەرناتیڤی ئەو ژینگە تەقلیدییەی خێزان و خێڵ کە لە کۆندا منداڵی پەروەردە دەکرد. لای دێوی، جیاوازی قوتابخانەی مۆدێرن بە بەراورد بە ناوەندە کۆنەکانی خوێندن لەوەدایە کە قوتابخانە تەنها شوێنێک نیە بۆ وەرگرتنی زانیاریی پێشوەخت ئامادەکردن لەلایەن مامۆستاوە؛ بەڵکو لە هەمان کاتدا تاقیگەیەکە بۆ ئەوەی فێرخواز توانا پراکتیکییەکانی خۆی تاقیبکاتەوە. ڕێزگرتن لە کەرامەتی فێرخواز وەک قەوارەیەکی ئازاد کە خاوەنی کەسایەتی و بیرکردنەوەی سەربەخۆی خۆیەتی زامنی سەرکەوتنی سیستمی پەروەردەی هاوچەرخە. دێوی پێی وابوو منداڵ خاوەنی کۆمەڵێک توانای زەینیی خۆڕسکە، ئەرکی قوتابخانە ئەوە نیە تەنها فێری ئەو شتانەی بکات کە پێشتر بڕیاری لەسەر دراوە؛ بەڵکو ڕاستتر دەبێت ژینگەی لەباری بۆ بڕەخسێنێت و فێری ئارگیومێنتی بکات، تا خۆبەخۆ تواناکانی خۆی کەشف بکات. پێی وابوو سرووشت لە گۆڕانی بەردەوامدایە، بۆیە پێویستە مەعریفە و زانستەکانیش لە گۆڕانی

بەردەوامدا بن، قوتابخانە و زانکۆکان ببنە شوێنی فێربوونی بەردەوامی مامۆستا و فێرخواز پێکەوە.

هەرچەندە جۆن دێوی بە باوکی میتۆدی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی هاوچەرخ لە قەڵەم دەدرێت؛ بەڵام خۆی پێی وایە ڕیشەی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی دەگەڕێتە بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی میتۆدی زانستی و سۆراخکاری لەسەر دەستی بایکۆن و میڵ و لۆک. لە کتێبی "ئێمە چۆن بیردەکەینەوە؟"، دێوی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بە جۆرێک لە بیرکردنەوەی چالاک و ورد و بەردەوام وەسفدەکات بە مەبەستی تاووتوێکردنی بیروباوەڕ و مەعریفەکان، لەبەر ڕۆشنایی زەمینەی دروستبوونیان و ئەو ئەنجامگیرییە نوێیانەی کە دەشیت لەبارەیانەوە بەدەستبێن.

لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لە میتۆدێکی فەلسەفی و چەمکێکی تیۆرییەوە گوازرایەوە بۆ کایەی پەروەردە و فێرکردن لە ئەمریکا. هاوبەندیی پەروەردەی پێشکەوتوخواز (پی.ئی.ئەی) بیرکردنەوەی ڕەخنەیی کردە یەکێک لە ئامانجەکانی فەلەسەفەی پەروەردە. تیمی "سیمیت و تایلەر" بۆ هەڵسەنگاندن و پاشان "بینجامین بلوم" و هاوڕێکانی پۆلێنکارییەکیان پێشنیازکرد بۆ پەرەدان بە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و توانای داهێنان لە ئاستە جیاوازەکانی خوێندندا.

ساڵی ١٩٨٠ کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کالیفۆرنیا ژمارەیەکی زۆر لە شارەزا و پەروەردەکار و داڕێژەرانی سیاسەتی پەروەردەیی لە ئەمریکاو جیهان کۆکردەوە بە مەبەستی ریفۆرمی پەروردەیی و ئەکادیمی لەسەر بنەمای پەرەدان بە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی. هەمان ساڵ زانکۆی کالیفۆرنیا ستەیت خوێندنی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی کردە کۆرسێکی سەرەکی کە

پێویستە هەموو فێرخوازان لە هەموو پسپۆڕییە جیاوازەکاندا وەریبگرن. هەر لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا کۆمەڵەی لۆژیکی نارەسمی (ئەی.ئای.ئێڵ) جەختی لەسەر هەمان بابەت کردەوە، پاشان کۆمیتەی بەشە فەلسەفییەکان (ئەی.پی.ئەی) جەختی لەسەر خوێندنی فەلسەفە و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی کردەوە لە قۆناغەکانی خوێندنی بەر لە زانکۆدا.

بەکورتی دەتوانین بڵێین ئێستا لە ئەمریکاو خۆرئاوا، لە سەر دوو ئاست بایەخ بە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی دەدرێت؛ ئاستێکی فەلسەفی و تیۆری کە جێبایەخی بەشەکانی فەلسەفە و جۆرناڵ و کۆنفرانسە تایبەتەکانی فەلسەفەیە؛ لەپاڵ ئاستێکی پەروەدەیی و پیشەیی و پێداگۆجیدا، کە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی کردۆتە کرۆکی سیاسەتی خوێندن و ئامانجی پرۆگرامەکانی گەشەی مرۆیی لەسەر هەموو ئاستەکانی خوێندن و لە هەموو کایە جیاوازەکانی داهێنان و کارگێڕی و بەرهەمهێناندا.

**پرسیاری سێیەم: ئایا بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، جێگرتنەوەی جۆرە بیرکردنەوەیەکی سادەتر و ژۆرناڵیستانە نیە بەڕووی ئەو بیرکردنەوە تیۆرییە قووڵەی کە سەدان ساڵ پێشتر بەناوی فەلسەفەوە پەرەی پێدرابوو؟**

**ش. س:** بیرکردنەوەی ڕەخنەیی میتۆدێکی نزیککاری و کەشفە، دەکرێت لەسەر هەموو ئاستە ئاسان و لێکدراو و قووڵەکان پێڕەوبکرێت، لە قۆناغی سەرەتایی خوێندنەوە تا ئاستی توێژینەوەی ورد و قووڵ لە پسپۆڕییە جیاوازەکاندا. بیرکردنەوەی ڕەخنەیی دەکرێت وەک میتۆدێکی فەلسەفیی بخرێتەگەڕ بۆ وردبوونەو تێڕامان لە بابەتە تیۆرییە پەتییەکان. لە هەمان کاتدا دەکرێت بکرێتە میتۆدێک بۆ تێگەیشتن و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی دیاردە ڕۆژانەییەکانی ژیان و کایەکانی کارکردن و بەرهەمهێنان. کرانەوەو نەرمیی بیرکردنەوەی

ڕەخنەیی و گونجاندنی لەگەڵ پسپۆڕییە جیاوازەکان و ئاستە جیاوازەکانی مەعریفەدا مانای ئەوەی نیە کێشەی لەگەڵ چەشنە ناڕەخنەییەکانی بیرکردنەوەدا نیە. بەڵکو بەپێچەوانەوە، کێشەی گەورەی لەگەڵ پۆپۆلیزم و گوتاری سیاسی و میدیایی ئاراستەکراودا هەیە، کێشەی گەورەی لەگەڵ ڕیتۆریک و تەڵەکانی زماندا هەیە. واتە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی گرفتی لەگەڵ ئەوەدا نیە کە ئایا تۆ لە چ ئاستێکی مەعریفی و فێربووندایت، ئایا فێرخوازیت یا پرۆفیسۆر، میدیاکاریت یان توێژەر؟ بەڵکو گرفتەکەی ئەوەیە ئایا توانای تاقیکردنەوەو بینینی گۆشەنیگا جیاوازەکانت هەیە؟ ئایا دەربڕینت ڕۆشنە یان پەنا بۆ چەواشەگۆیی و تاریکاندن دەبەیت؟ ئایا کاتێک لە بابەتێک دەدوێیت باس لە کرۆکی بابەتەکە دەکەیت یان قسە لەسەر خاوەنەکەی دەکەیت؟ واتە دەشێت بیریاری ڕەخنەیی کێشەی لەگەڵ کەسێکدا هەبێت کە لە بواری فیکری و تیۆریی قووڵدا کاردەکات هەروەک چۆن دەشێت کێشەی لەگەڵ کەسێکدا هەبێت کە لە ئاستێکی نزمی وتووێژ و تێگەیشتندا بێت. بیرکردنەوەی ڕەخنەیی پێماندەڵێت ئەوەی گرنگە میتۆدە، نەک تایتڵ و قەبارەی ئەو زانیارییانەی دەیوروژێنین. دەکرێت لەسەر دیاردەیەکی بچووک بەشێوەیەکی قووڵ و فراوان و ڕەخنەییانە قسەبکەین، هەروەک چۆن دەکرێت بەشێوەیەکی ڕووکەش و بە زمانێکی پڕ لە هەڵەی لۆژیکی لە بابەتێکی قووڵ و گەورە بدوێین.

بیرکردنەوەی ڕەخنەیی کێشەی گەورەی لەگەڵ گوتاری میدیاییدا هەیە؛ چونکە میدیا لە هەر وڵات و لە هەر نێوەندێکی کەلتوریدا زادەی سۆسیۆ-سەنتتریزمە. میدیا زمانحاڵی کەرتە جیاوازەکانی کۆمەڵگایە. گوتاری میدیایی بەو شێوەیە فۆرمەلەدەکرێت کە گوزارشت لە دیدی دەستەجەمعیی کۆمەڵگا بەگشتی یان یەکەیەکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو بکات، بەو زمانە دەدوێت کە زۆرترین خوێنەر و بینەر لە دەوری خۆی خڕبکاتەوە. ئەوەی لە پەیامی

میدیاییدا ونە وەرگرە وەک تاکەکەس، چونکە سەرکەوتوویی هەر پەیامێکی میدیایی و هەر دەزگایەکی ڕۆژنامەوانی بەوە دەپێورێت کە ئایا سەرنجی چەند کەس لەڕووی چەندایەتییەوە ڕادەکێشێت. بەگوێرەی تیۆرەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی هیچ میدیایەک، تەنانەت لە لیبراڵترین وڵاتدا، بێلایەن نیە؛ چونکە میدیا و سیاسەت دوو دیوی یەک دراون. هەرچەندە میدیا لە ڕواڵەتد خۆی وا نیشان دەدات کە دژی گوتاری سیاسییە؛ بەڵام لەڕاستیدا دژی جۆرە گوتارێکی سیاسییە و لەپێناو جۆرە گوتارێکی سیاسیی تردایە. گوتاری میدیایی و گوتاری سیاسی لەسەر وروژاندن قسەدەکەن، لەسەر بە ژمارەکردنی وەرگر کاردەکەن، هەموو کۆششێک بەگەڕدەخەن تا سەرنجی وەرگریان لەسەر لانەچێت. ئەگەر هەر گوتارێکی میدیایی بەشێوەیەکی ڕەخنەیی هەڵبوەشێنینەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین، هەموو ئەو تەپکە زمانەوانی و لۆژیکیانە کەشفدەکەین کە گوتارەکەی لەسەر دامەزراوە.

هەندێک لە پسپۆڕانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی دەڵێن گەر دەتەوێت ڕەخنەییانە بیر بکەیتەوە تەماشای تەلەفزیۆن مەکە و هەواڵ مەخوێنەرەوە. بەڵام من دەڵێم ئاساییە ئاگامان لە میدیا بێت، بەو مەرجەی وەرگرێکی پاسیڤ نەبین، بەو مەرجەی توانامان هەبێت نێوانی دێڕەکان بخوێنینەوە و ئەو گوتارە سیاسییە کەشفبکەین کە لە پشتی گوتارە میدیاییەکەوەیە. بۆ نمونە زۆرینەی ئەمریکییەکان لەڕووی سیاسییەوە دابەشبوون بەسەر لیبراڵ و کۆنزەرڤاتیڤەکاندا، لەڕووی میدیاییشەوە دابەشبوون بەسەر (سی.ئێن.ئێن) و (ئێم.ئێس.ئێن.بیٚ.سی) و (فۆکەس نیوز) و (برایتبار) و چەند کەناڵێکی تر، کە گوزارشت لە ئاراستە جیاوازەکانی دیمۆکراتەکان و کۆمارییەکان دەکەن. واتە ئەوە زۆرینەی ئەمریکییەکان خۆیان نین بیردەکەنەوە، خۆیان نین ڕاست و ناڕاست جیادەکەونەوە؛ بەڵکو ئەوە میدیایە سنوری نێوان ڕاست و هەڵەیان بۆ دەکێشێت و پێیان دەڵێت چۆن بیربکەنەوە و چۆن بابەتەکان هەڵبسەنگێنن.

بیرکردنەوەی ڕەخنەیی هەر وەکچۆن دژی ئیگۆ-سەنتەریزمە بەهەمان شێوە دژی سۆسیۆ-سەنتەریزمیشە. واتە وەک چۆن دژی ئەوەیە بەبێ چاودێریی ڕەخنەیی ستایشی دیدی خۆمان بکەین، بەهەمان شێوە دژی ئەوەشە تەسلیمی دیدی دەستەجەمعیی ئەو گرووپە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینییە ببین کە وەڵاممان بۆی هەیە. چونکە هەموو گرووپێکی دەستەجەمعی خاوەنی میدیای خۆیەتی، لە دیوەخانی خێڵەوە کە گوتاری خێڵی تیادا فۆرمەلەدەکرێت، تا مینبەری مزگەوت و پەرستگا ئاینییەکان، تا ڕاگەیاندنی ئاراستەکراوی حیزب کە نمونەی لە وڵاتی خۆماندا هەیە، تا مۆدێلی ڕاگەیاندنی وڵاتە دێموکراتەکان کە لەلایەن کۆمپانیا زەبەلاحەکانی بەرژەوەندیی ئابوری و سیاسییەوە ئاراستەدەکرێن.

**پرسیاری چوارەم: بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، تا چەند سەفسەتە و چەواشەگۆیی کەمدەکاتەوە؟ ئەویش لە سەردەمێکدا کە لە خیتابی سیاسییەکانەوە بیگرە تا زۆربێژی و چاتکردنی بێشوماری مرۆڤەکان، سەفسەتە هەڵدەقووڵێت...**

**ش. س:** بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لە سەردەمی سۆکراتەوە تا بزاوتی "لۆژیکی نافەرمی" دژی سەفسەتەبازی و تەڵەکەبازیی زمانەوانییە. لە بیرکردنەوەی ڕەخنەییدا لیستێک چەواشەگۆیی لۆژیکی Logical Fallacy هەن، کە مێکانیزمی چەشنە جیاوازەکانی سەفسەتەبازی و ڕیتۆریک لە خۆدەگرێت. گەر لەبەر ڕۆشنایی ئەو لیستە گوتاری سیاسی و میللیی باو شیتاڵ بکەین، بەڕۆشنی بۆمان دەردەکەوێت ئێمە بە چ تەونێک لە بیرکردنەوە و گوتاری ناڕەخنەیی تەنراوین. هەندێک لەو گوتارانە خۆراک لە دەسەڵاتەوە وەردەگرن، کە لە زاراوەسازیی لۆژیکدا پێی دەوترێت "پەنابردن بۆ دەسەڵات یان هێز". ئەو کەسانەی نا-

ڕەخنەییانە بیردەکەنەوە متمانەیان بە بیرکردنەوەی خۆیان نیە، بۆیە هەمیشە پێویستیان بە گوتارێکی دەستەجەمعیی بەهێزە تا خۆیانی لەپاڵدا حەشاربدەن و بیکەنە سەنگەرێک بۆ خۆپاراستن یان پەلاماردانی گوتاری پێچەوانە. دەسەڵات مەرج نیە تەنها دەسەڵاتی سیاسی بێت؛ دەشێت دەسەڵاتی ئابوری، یان ئاینی، یان تەنانەت ڕۆشنبیری و ئەکادیمی بێت. ئەم جۆرە لە فۆڵەسی(سەفسەتە) سەرەتا وەک کێشەیەکی مەعریفی دەردەکەوێت، بەڵام بەردەوامبوون لەسەری، گرفتی سایکۆڵۆژی و ئاکاریی لێدەکەوەتەوە، مرۆڤ فێری جۆرێک لە دووفاقیی سایکۆڵۆژی و ڕووپامایی ڕۆشنبیریی دەکات. پەنابردن بۆ گوتاری دەسەڵات لەڕواڵەتدا وادەردەکەوێت ڕێزگرتنە لە دەسەڵات؛ بەڵام لە جەوهەردا ترسە لە دەسەڵات و تەسلیمبوونە بە گوتاری باڵادەست، کە لە سایەیدا مرۆڤ قەوارەی خۆی وەک بوونەوەرێکی بیرکەرەوە دەدۆڕێنێت.

جۆریکی تر لە چەواشەگۆیی لۆژیکی پێی دەوترێت "پەنابردن بۆ زۆرینە یان حەشامەت". ئەوانەی ئەم جۆرە لە فۆڵەسی پێڕەودەکەن پێیان وایە هەمیشە زۆرینە لەسەر هەقە، یان قەناعەتیان وایە یاخیبوون لە زۆرینە مرۆڤی بیرکەوەرە تووشی گۆشەگیری دەکات و کاریگەریی خراپ لەسەر پێگەی کۆمەڵایەتی دروستدەکات. بۆیە دەبینین زۆربەی ئەوانەی کە خۆیان وەک نەیاری دەسەڵات نمایشدەکەن لە سەنگەری حەشامەتی خەڵکدا خۆیان دەبیننەوە. بەڵام لەڕاستییدا ترس لە حەشامەت هیچی کەمتر نیە لە ترس لە دەسەڵات، مەراییکردن بۆ حەشامەت وەک مەراییکردن بۆ دەسەڵات مەترسیدارە. سەفسەتەی سیاسی و چەواشەگۆیی میللی دوو دیوی یەک نەخۆشیین کە دەبنە کۆسپ لەبەردەم بیرکردنەوەی ڕەخنەییدا. ئەگەر مرۆڤ نێرەری گوتاری چەواشەکاری بێت یاخود وەرگری پاسیڤی گوتارەکە بێت، لە هەردوو حاڵەتدا دەبێتە فەرمانبەری ماشێنێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی.

**پرسیاری پێنجەم: لە سەردەمێکدا کە زۆر باسی ئەوە دەکرێت گوایا ئاییندە تاریکە و ئاسۆ ڕوون نیە، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بە چ مانایەک دەتوانێت ئاییندە ببینێت و قسەی لەسەر بکات؟**

**ش. س**: بیرکردنەوەی ڕەخنەیی هاوتای چەمکێکە پێی دەوترێت "چارەدۆزی" Problem Solving. بەو مانایەی ئێمە تەنها کاتێک بەشێوەیەکی کاریگەر بیردەکەینەوە کە هەست بە گرفت دەکەین. هەستکردن بە گرفت قۆناغی یەکەمی بیرکردنەوەی ڕەخنەییە. بەڵام بەهۆی نەریتە خراپەکانی ئەقڵەوە، بەتایبەتی تەمبەڵی فیکری و خود-سەنتەری، تەنها هەستکردن بە گرفت بەس نییە بۆ پێڕەوکردنی ستراتیژی چارەدۆزی؛ بەڵکو هەندێک جار پێویستدەکات ڕاستەوخۆ بەر کێشەکان بکەوین تا بەشێوەیەکی جدی بیر لە چارەسەر بکەینەوە.

ئێستا مرۆڤایەتی رووبەڕووی ڕستێک ئاڵنگاری دەبێتەوە، وەک گۆڕانی کەشوهەوا، تەقینەوەی ژمارەی دانیشتوانی سەرگۆی زەوی، بەریەککەوتنی خۆرهەڵات و خۆرئاوا، شکستی دەوڵەتی خۆشگوزەران لە خۆرئاوا، بێکاری و پەنابردن بۆ ڕۆبۆت و ماشێن لەبری دەستی کاری تەقلیدی، شکستی دیمۆکراسی و ئەزموونی بازاڕی ئازاد لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی دوو و سێدا، کۆچی نایاسایی لە وڵاتە هەژارەکانەوە بۆ وڵاتە دەوڵەمەندەکان، تیرۆریزم و بڵاوبوونەوەی باندەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە، بەجیهانیبوونی دیوە ترسناکەکەی کەپیتاڵیزم و خۆگونجاندنی ڕژێمە ستەمگەرەکان لەگەڵ سیستمی سەرمایەدارییدا، لەپاڵ چەندین کێشەی تر کە ڕۆژانە ڕاستەوخۆ بەریدەکەوین یان گوێبیستی دەبین.

بە ڕای من کێشەکانی مرۆڤایەتی تازە نین و لە وەتەی مرۆڤ هەیە کێشە بوونی هەیە. جیاوازییەکە لەوەدایە جۆری کێشەکان گۆڕانی بەسەرهاتووە، بەهۆی ئامرازەکانی تەکنۆلۆژیای زانیارییەوە زۆرتر و خێراتر هەواڵی کێشەکانمان پێدەگات. بۆ نمونە ئەگەر لە ڕابردوودا سەنتەرە بچوکەکانی شارستانیەت لەژێر هەڕەشەی بەربەریەت و لەناوچووندا بوون، ئێستا پێشکەوتنی شارستانیەتی پیشەسازی لە زۆر ڕووەوە هەڕەشە بۆ سەر زەوی درووستدەکات. ئەگەر جاران بەهۆی دیسپۆتیزمی ئاینییەوە مرۆڤبوون وەک بەهایەکی بێنرخ تەماشا کرابێت، ئێستا خودی مرۆڤایەتی و هیومانیزم بوون بە مەترسی لەسەر سرووشت و زیندوەرەکانی تر. ئەگەر جەهل و نەزانین لە ڕابردوودا بەرپرس بووبن لە ترس و وەهم و بتپەرستی، ئێستا تەکنۆلۆژیا دەکرێتە ئامرازی بەخشینەوەی ترس و گەمژاندن و پیشەسازیی وەهم.

بەڵام یەکێک لە خووە خراپەکانی ئەقڵ بریتییە لە "گشتاندن" لە دەرەوەی سیاقدا. بۆ نمونە کاتێک بەرگری لە تێزێک دەکەین هەوڵدەدەین وەک تێزێکی ڕاست و گشتگیر، کە بۆ هەموو کات و سەردەمێک بشێت، بەرگریی لێ بکەین و تەنها ڕۆشنایی بخەینە سەر ئەو داتا و زانیارییانەی کە تێزەکەمان پشتڕاستدەکەنەوە. پێچەوانەکەیشی ڕاستە، کاتێک ڕەخنە لە تێزێک دەگرین لە هەموو ئەو سیاقانەی دادەماڵین کە ڕەوایەتی پێدەبەخشن و لە دەرەوەی شوێن و کات لێی دەڕوانین. زۆرجار بەهەمان لۆژیکی گشتاندن مامەڵە لەگەل ئاینده و ڕابردوودا دەکەین، هەندێک جار دیدی زانستگەری وامان لێدەکات—وەک بایکۆن- تەنها موژدە و یۆتۆپیا زانستییەکانی ئاینده ببینین. یان کاتێک باسی ڕابردوو دەکەین مەیلی نۆستالیژی وامان لێدەکات—وەک ڕۆمانتیکەکان- تەنها یادگارییە جوانەکانی ڕابردوو زیندوبکەینەوە. بەڵام لەڕاستیدا گەر بە دیدێکی ڕەخنەیی تەماشای ئاینده یان ڕابردوو بکەین هەموو دیاردەکان دەگەڕێنەوە سیاقی ڕاستەقینەی خۆیان، شتەکان بەو شێوەیە

دەردەکەون کە هەن، نەک بەو شێوەیەی ئێمە دەخوازین. ئاینده شتێک نیه له بەردەستدا بێت، بەڵکو دیاردەیەکی گریمانەییە لە چەندین گۆشەنیگاوە تەماشا دەکرێت. لەمبەر و ئەوبەری دیمەنەکەدا، دوو دیدی پەڕگیری پۆزەتیڤیستی و نێهلیستی دەبینین بۆ پێشکەشکردنی دوو وێنای جیاواز، ڕۆشن و تاریک، سەبارەت بە ئاینده. بەڕای من پێویستە بە ئاسانی تەسلیمی هیچ تێزێکی پەڕگیر نەبین، چونکە بەگوێرەی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی تێزە هاودژو پەڕگیرەکان تووشی دایلەما – تەڵەزگەی فیکریمان دەکەن Dilemma Fallacy. لە باشترین حاڵەتدا دەکرێت وەک دوو گریمانە، دوو پێشبینیی جیاواز، دوو تێز بۆ دامەزراندنی ئارگیومێنت لە تێزە هاودژەکان بڕوانین بە مەبەستی بەدەستهێنانی تێزی سێیەم، کە کۆکەرەوەی لایەنە بەهێزەکانی هەردوو تێزەکەیە.

بیرکردنەوەی ڕەخنەیی هەموو ئەو ئاڵنگارییانە دەبینێت کە هەڕەشە لە ئێستا و ئاییندەی مرۆڤایەتی و هەسارەی زەوی دەکەن؛ دەبێ وەک فاکت لە زۆریان بڕوانین کە هەڵگری لێکەوتنەوەی چەندین ئاکامی مەترسیدارن. بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو ئاسۆیانەش دەبینێت کە دەشێت لەڕێگای ستراتیژی چارەدۆزییە فراوانتر ببن. بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لەگەڵ ئەو چەشنەی بیرکردنەوەدا یەکنایەتەوە کە پێی دەوترێت "بیرکردنەوەی ئەرێنی" Positive Thinking، چونکە ئەمەی دووەم تەنها بایەخ بە لایەنی سایکۆلۆژیای کەسی بیرکەرەوە دەدات و کار لەسەر پێشبینیی پێشوەختی دەرەنجام دەکات بە شێوەیەکی ئەرێنی. بەڵام کەسێک ڕەخنەییانە بیربکاتەوە هیچ حوکم و هیچ پێشبینییەکی پێشوەختی پێ نیە دەربارەی دەرەنجامەکان؛ بەڵکو زیاتر کار لەسەر هۆکار و پێشەکی و تێزەکان دەکات کە دەشێت دەرەنجامی جیاوازیان لێبکەوێتەوە. بەڵام بیرکردنەوی ڕەخنەیی، لە هەمان کاتدا، لەگەڵ ئەو

چەشنە نەرێنییەی بیرکردنەوەشدا نیە کە پشتئەستورە بە گوتاری ئەدەبی و زۆرجار پەنا بۆ جولاندنی سۆز و ریتۆریک و گرێ غەریزییەکانی مرۆڤ دەبات.

دەکرێت نمونەی دوو ئارگیومێنتی دژ بەیەک وەرگرین دەربارەی تەکنۆلۆژیای زانیاری و ئایندەناسی. ئارگیومێنتی یەکەم دەڵێت: "تەکنۆلۆژیای زانیاری دەبێتە هۆی گەرمبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ یەکترناسینی زیاتری کەسە جیاوازەکان لە کیشوەر و شوێنە دوورەکانی جیهاندا" . ئارگیومێنتی دووەم دەڵێت: "تەکنۆلۆژیای زانیاری دەبێتە هۆی کاڵبوونەی پەیوەندییە مرۆییەکان، چونکە واقعێکی گریمانەیی مەجازی درووستدەکات کە مرۆڤ تووشی وەهمی پەیوەندی دەکات". ئەم دوو ئارگیومێنتە هەرچەندە دژی یەکن، بەڵام هەردوکیان نادرووستن Invalid، هەردووکیان پەنایان بۆ گشتاندن و گریمانەی نەوتراو Hidden Assumption بردووە. هاوکێشەی هەر ئارگیومێنتێکی لۆژیکی سادە پێوستی بە لانی کەمی دوو گریمانەی بنەڕەتی Premise هەیە لەپێناو بەدەستهێنانی ئەنجامگیرییدا Conclusion. گەر ئەو پەیوەندییە تەرجەمەبکەین بۆ زمانی سیمبوڵ هاوکێشەکە بەم جۆرەی لێدێت: گەر "ئەلیف" ببێتە هۆی "بێ". گەر "بێ"ش ببێتە هۆی "جیم". کەواتە "ئەلف" دەبێتە هۆی "جیم". بەڵام هەردوو ئارگیومێنتی سەرەوە پەنایان بردوە بۆ تەنها یەک گریمانە، گریمانەی دووەمەیان بە نەوتراوی هێشتۆتەوە. لە ئارگیومێنتی یەکەمدا گریمانەیەکی شاراوە هەیە دەڵێت یەکترناسینی مرۆڤەکان لەڕێگەی تەکنۆلۆژیای زانیارییەوە دەبێتەهۆی یەکترناسینیان لە واقعی کۆمەڵایەتیدا. لە کاتێکدا ئەم گریمانەیە هەڵەیە چونکە بەشی هەرە زۆری پەیوەندییە گریمانەییەکان، کە لەڕێگەی تەکنۆلۆژیای زانیارییەوە دەڕەخسێن، هەر لە جوغزی گریمانەییدا دەمێننەوە و نابن بە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی گەرم، بە تایبەتی لە سەردەمێکدا،

سەرباری فراوانبوونی فەزای ئەلیکترۆنی، تا ئێستا چەندین لەمپەری فیزیایی و چەندین کۆسپی سیاسی و کەلتوریی لەنێوان وڵاتان و کۆمەڵگاکان و مرۆڤەکاندا ماون. بەهەمان شێوە ئارگیومێنتی دووەمیش پەنای بۆ هەمان فێڵی گشتاندن بردووە، گریمانەی دووەمی بە شاراوەیی هێشتۆتەوە کە دەڵێت: پەیوەندیی گریمانەیی و مەجازی نێوان مرۆڤەکان پەیوەندییەکی مرۆیی راستەقینە نیە. لەکاتێکدا ئەم قسەیەش گشتگیر و نادرووستە، چونکە بەشی هەرە زۆری پەیوەندییە مرۆییەکان، بە پەیوەندیی ڕاستەوخۆشەوە، پەیوەندیی مەجازیین. ئاڵوگۆڕی نامەی سەر کاغەز، تەنانەت ئاخاوتن و قسەکردنی رووبەڕووش، جۆرێکن لە پەیوەندیی مەجازی و ڕەمزی. هەر وشەیەک مرۆڤ دەینوسێت یان دەیدرکێنێت، هەر پۆشاکێک دەیپۆشێت و هەر ماکیاجێک بەکاریدێنێت، هەڵگری چەندین بارگەی مەجازی و ڕەمزییە و ناتوانین بە پەیوەندیی وەهمی ناویان بێنین. مەبەستمە بڵێم ئەو ئارگیومێنتانەی باسی ئایندە دەکەن زۆربەیان گشتگیرن و ئایندە سادەدەکەنەوە. ئارگیومێنتە دژەکان بیرکردنەوەی ڕەخنەیی فراواننناکەن، بەڵکو زۆرجار تووشی دایلەما و تەمبەڵیی فیکریمان دەکەن. بۆ نمونە کاتێک ئارگیومێنتی یەکەم هەڵە دەردەچێت دەسبەجێ خۆمان لە بیرکردنەوە دەدزینەوە و دەڵێین کەواتە ئارگیومێنتە دژەکەی راستە. واتە بژاردەی ئێمە هەمیشە لەنێوان دوو ئارگیومێنتی پەڕگیر و نادرووستدایە.

**پرسیاری شەشەم: لەبەرامبەر بیرکردنەوەی ڕەخنەییدا، ئێمە تیۆری ڕەخنەیی(Critical theory)شمان هەیە کە نەریتێکی فەلسەفیی سەدساڵەی لەپشتەوەیە و لە کۆمەڵناسییەوە تا تیۆری ئەدەبی دەگرێتەوە و سەرەتاکانی دەگەڕێــەوە بۆ قوتابخانەی فرانکفۆرت...پرسیارەکە ئەوەیە: کامیان کەمتر ملکەچی بازاڕ و ئایدۆلۆژیای باڵادەستی سیستەمەکەی ئەمڕۆ دەبن؟**

**ش. س:** هەردوو ڕەوتەکە هەڵقوڵاوی کەلەپورێکی فەلسەفیی هاوبەشن، کە کەلەپووری ڕەخنەیی خۆرئاواییە. ڕەتکردنەوەی دۆگماتیزم، گومان لە بانگەشەکانی ئەقڵ و پێڕەوکردنی ستراتیژی ڕەخنەیی بەردەوام خەسڵەتی هەردووکیانە. بەڵام جیاوازییان لەوەدایە، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی زیاتر میتۆد و پێداگۆجییە بۆ بەگەڕخستنی توانای بیرکردنەوەی مرۆیی لە قۆناغە جیاوازەکانی گەشەی مەعریفیدا. بەڵام تیورەی ڕەخنەیی لەگەڵ ئەوەی ڕەوتێکی ئەکادێمیی گرنگی سەدەی بیستەمی ئەوروپایە، لە هەمان کاتدا قوتابخانەیەکی فیکریشە بۆ ڕەخنەگرتن لە پۆزەتیفیزم و خۆشبینییەکانی ڕۆشنگەری و ئەقڵانیەت، لەپاڵ ڕەتکردنەوەی فاشیزم و لێکەوتەکانی لە فیکر و ڕەفتاری کۆمەڵایەتیدا.

دەتوانین چەندین خاڵی هاوشێوە لە ستراتیژی ڕەخنەیی هەردوو ڕەوتەکەدا دەستنیشانبکەین؛ بۆ نموونە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی هەموو ئەو یەکە کۆمەڵایەتی و کەلتورییانە دەخاتە ژێر مەحەکی ڕەخنەوە کە زادەی سۆسیۆ-سەنتەریزمن، بەبێ ئەوەی ناوی هیچ یەکەیەکی دیاریکراو بێنێت، چونکە سرووشتی یەکە کۆمەڵایەتییەکان لە سیاقێکەوە بۆ سیاقێکی تر گۆڕانیان بەسەردا دێت. بەڵام تیورەی ڕەخنەیی بە ئاشکرا ئەو یەکانە ناودەنێت و ڕەخنە لە دەوڵەتی مۆدێرن، خێزانی نەریتپارێز، کۆمەڵگای بۆرژوازی، لێکەوتەکانی فاشیزم دەگرێت؛ هەوڵدەدات میکانیزمی کۆنترۆڵ لە کەلتوردا لە سایەی دەزگا سیاسییە تۆتالیتاریەکاندا کەشفبکات.

هەروەک چۆن بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بڕوای بە ئاشتکردنەوەی لۆژیکە لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتیدا، بە هەمان شێوە بیریارانی تیۆرەی ڕەخنەیی هەوڵیاندا ڕەخنە لە ئاستێکی تیۆریی پەتییەوە بگوێزنەوە بۆ ئاستە مێژووییەکەی. بۆ نمونە فەیلەسوفێکی وەک هێربێرت مارکۆزە هەوڵیدا فەلسەفەی ڕەخنەیی کانت و ماتریالیزمی دیالەکتیک لێک مارەبکات بە مەبەستی تیۆریزەکردن بۆ ڕەوتێکی چەپی ڕەخنەیی، جیاواز لە چەپی ئایدۆلۆژی کە سیمایەکی دیاری ئەو سەردەمە بوو.

هەروەک بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، تیۆری ڕەخنەییش بڕوای بە درووستکردنی دیوار نیە لەنێوان فەلسەفە و لۆژیک و زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکاندا. هەروەک ئەو، بایەخی زۆر بە تاک دەدات وەک قەوارەیەکی بیرکەرەوەی ئازاد بەرامبەر گەمەکانی پاوانی کۆمەڵایەتی. تیۆدۆر ئادۆرنۆ بڕوای وابوو سۆسیۆلۆژیستەکان ناتوانن لە کۆمەڵگا تێبگەین، ئەگەر پێشوەخت لە تاک تێنەگەیشتبن. بیرکردنەوە لەناو کۆنتێکستدا کە پێشمەرجێکی گرنگی بیرکردنەوەی ڕەخنەییە، لای بیریارانی تیۆرەی ڕەخنەییش بە وردی پێڕەودەکرا؛ ئەوان بڕوایان وابوو هیچ بیرکردنەوەیەکی ڕەها بوونی نیە؛ هەموو بیرکردنەوەیەك تایبەتە بە مرۆڤێک یان چەند مرۆڤێکی دیاریکراو لەکات و شوێنی دیاریکراودا، هەموو بیرکردنەویەک زادەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابورییە و قابیلی گۆڕانە.

ماکس هۆرکایمەر بە دەیان ساڵ بەر لە پسپۆڕانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی باسی لە خووە خراپەکانی  ئەقڵی مرۆیی کرد. لە کتێبێکدا لەژێر ناونیشانی "ئەقڵگیران" باس لەوە دەکات ئەگەر ئەقڵی مرۆیی لە ژینگەیەکی گۆشکراو بە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی پەروەردەنەکرێت ئەگەری ئەوە هەیە بچێتە خزمەتی فاشیزمەوە. هەر لەوبارەیەوە ڕەخنە لە ڕۆشنگەری

دەگرێت کە نەیتوانیوە بانگەشەکانی سەبارەت بە رزگارکردنی مرۆڤ لە جەهل و ترس و خورافە بەجێ بێنێت. هۆکاری ئەو شکستە بۆ میتۆدی بیرکردنەوەی فەیلەسووفە ڕۆشنگەرەکان دەگێڕێتەوە کە زیاتر پۆزەتیڤیست بوون. لە فیکر و ڕەفتاری یۆرگن هابرماسیشدا ئەو ستراتیژ و ئاکارانە بەدیدەکەین کە لە بیرکردنەوەی ڕەخنەییدا جەوهەریین. بۆ نمونە هاوسۆزیی ڕۆشنبیری Intellectual Empathy کە یەکێکە لە ستراتیژە پێویستەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لەپێناو وتوێژ لەگەڵ ئەوانیتر و تاقیکردنەوەی گۆشەنیگای ئەوانیتر بە مەبەستی تێپەڕاندنی ئیگۆ-سەنتەریزم، یەکێکە لە ستراتیژە گرنگەکانی فیکری هابرماس کە لە کتێبی "تیۆرەی پەیوەندیسازی"دا بایەخی پێدەدات. هابرماسیش وەک تیۆرسازانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی سوودی لە تێزەکانی جۆن دێوی و ڤیتگنشتاین و جان پیاژێ وەرگرتووە.

ئەڵبەتە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی فیکر و ئاکار لەسەر ئاستی تیۆری دەبەستێت بە یەکەوە، پێی وایە ئێمە تا زیاتر ڕەخنەییانە بیربکەینەوە دەتوانین زیاتر خۆمان لە خووە خراپەکانی ئەقڵ و چەواشەگۆیی بپارێزین کە لێکەوتەی خراپیان لە ژیانی گشتیدا دەبێت. لە بەرامبەردا فەیلەسوفانی تیۆرەی ڕەخنەیی بە ئاشکرا باس لەوە دەکەن هەر کات مرۆڤ توانای دەربڕینی فیکری نێگەتیڤ(نەفیکەر) و ڕەخنەیی لە دەستدا، ئەوە توانای بەرگریی لەئاست ستەمگەریش لەدەستدەدات و ناتوانێت خۆی لە فۆرمە جیاوازەکانی کۆیلایەتی رزگار بکات. زمانیش پێویستی بە تەقاندنەوەی هێزی نێگەتیڤە، ئەگەر نا دەبێتە ئامرازی کۆنترۆڵ لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی و کەلتورییەوە، لە کاتێکی وادا مامەڵەی ئەقڵ لەگەڵ وشەکاندا وەك مامەڵەی دیکتاتۆرە لەگەڵ خەڵکیدا. دیکتاتۆر تەنها ئەو کاتە پەنا بۆ خەڵک دەبات کە دەیەوێت بەکاریانبێنێت.

وەک چۆن پەنابردن بۆ زۆرینە، یان ڕازیکردنی حەشامەت یەکێکە لە کۆسپەکانی بەردەم بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، بیریارانی تیۆرەی ڕەخنەییش پێیانوایە غیابی ئەقڵ و پاشەکشێی تاك و داگیرکردنی مەعریفە لەلایەن دەسەڵاتەوە لەو شتەدا بەرجەستەدەبێت کە ناوی نراوە "کەلتوری جەماوەری". بەپێی ئەم کەلتورە، هەموو بەهایەک قابیلی یاری پێکردن و ئاراستەکردنە بە گوێرەی نەخشەی "تیمەکانی بەرهەمهێنان" کە ئارەزووی مرۆڤەکان دەکەنە کەرەستەیەکی خاوی دەستی پیاوانی پڕوپاگەندە. هەموو شتێك لە کەلتوری جەماوەرییدا بەرگێکی بازاڕی دەپۆشێت، چونکە کەلتوری جەماوەری، وەکو مارکۆزە دەڵێت، هونەر و سیاسەت و ئاین و فەلسەفە و بازرگانی تێکەڵدەکات و پێکەوە دەیانگونجێنێت.

بە کورتی دەتوانین بڵێین بیریارانی تیۆرەی ڕەخنەیی بە دەنگێکی بەرز دژی کەلتوری جەماوەری و بەبازاڕیکردنی مەعریفە و بەهاکان قسەیانکرد. لەبەر دوو هۆ؛ یەکەم لەبەر ئەوەی ئەوان لە سیاقێکدا ژیان کە بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ فاشیزم و ئایدیۆلۆژیا پەڕگیرەکانی ئەو دەمەی ئەوروپادا هەبوو کە خۆراکیان لە لۆژیکی بازاڕ و کەلتوری جەماوەری و پەراوێزخستنی تاک وەردەگرت. دووەم، لەبەر ئەوەی گوتاری ئەوان زیاتر بەمەبەستی تیۆریزەکردن بوو بۆ ڕەوتێکی دیاریکراوی چەپ، جیاواز لە دۆگماتیزمی مارکسی. بەهەمان شێوە بیرکردنەوەی ڕەخنەییش دژی تاکڕەوی و مۆنۆپۆلکردنی فیکرە، بەبێ ئەوەی ناوی ڕەوتێکی دیاریکراو بێنێت، چونکە لە بنەڕەتدا لە شێوەی مێتۆدێکی گشتیدایە بۆ کەشف و شیکاری و داهێنان، وەک پێداگۆجییەک بۆ پەروەردە، وەک فەزیلەتێک کە لە هەموو شوێن و سەردەمێکدا پێویستە.

**پرسیاری حەوتەم: ئەمڕۆ کە فاکتەکان تووشی فیچقە هاتوون، فاکتەکان بواری ئەوەیان ماوە ڕەخنەییانە ئەزموونبکرێن و جیابکرێنەوە؟ ئاخۆ زەین فریای جیاکردنەوە و خەملاندنیان دەکەوێت؟ زەین بە مانا کلاسیکەکەی ماوە؟**

**ش. س:** لەڕاستیدا ئێستا، بەهۆی تەکنۆلۆژیای زانیارییەوە، ڕۆژانە بەر لێشاوی زانیارییەکان دەکەوین. زانیارییەکان بەشی هەرە زۆریان زانیاریی ڕووکەش و ساختە، یان دووبارەن لە وێنەو گوزارشتی جیاوازدا. زانیارییەکان خۆیان وەک فاکت نمایشدەکەن، بەڵام لەڕاستیدا بەشی هەرە کەمیان فاکتن. بیرکردنەوەی ڕەخنەیی کۆمەکمان دەکات سێ چەشنی سەرەکیی زانیاری لێک جیابکەینەوە: فاکت و ڕاوبۆچوون و دیدگای کۆمەڵایەتی. ئەوەی ئێستا ڕۆژانە وەک فاکت پێمان دەفرۆشرێتەوە، ڕاوبۆچوونی شەخسی یان دیدی کۆمەڵایەتیین، کە ئێمە زۆربەمان بە شێوەیەکی ناڕەخنەیی وەریدەگرین و سەرەنجام ئێمەش دەبینەوە بە فەرمانبەری ماشێنێکی گەورەی ساختەکردنی فاکت و خزمەتکردنی دیدگای کۆمەڵاتی باڵادەست.

لە بیرکردنەوەی ڕەخنەییدا لەنێوان هەشت ئێلیمێنت (توخم)ی بیرکردنەوەدا تەنها یەکێکیان زانیارییە. واتە ئێمە ئەگەر ببینە بەرخۆری زانیاریی پەتی، بەبێ بەگەڕخستنی حەوت توخمەکەی تر، وەک ئەوەیە تەنها یەک لەسەر هەشتی توانا زەینیەکانمان بەکاربێنین. بنجامین بلووم لە پۆلێنکاریی ئاستەکانی فێربووندا باسی لەوە دەکرد کە بەکارهێنانی زەین بۆ وەرگرتنی زانیاری نزمترین ئاستی فێربوونە. لە دۆخێکی وادا مرۆڤ دەبێتە بەرخۆری زانیارییەکان و تاکە ئەرکی کورتدەبێتەوە بۆ بیرکەوتنەوە.

مرۆڤی سەردەمی کۆن، بەهۆی هەژاریی کەرەستەکانی گواستنەوە و پاراستنی زانیارییەوە، ناچار بوو زانیارییەکان لەبەربکات و لە زەینیدا بیانپارێزێت. ناچار بوو بەشی هەرە زۆری

توانا زەینییەکانی بۆ دەرخکردن و بیرکەوتنەوەی زانیارییەکان بەکاربێنێت. بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی ئامێرەکانی گواستنەوە و پاراستنی زانیارییدا، ئەو دەرفەتە زیاتر و زیاتر بۆ مرۆڤ دەڕەخسێت تا توانا زەینییەکانی بۆ شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن و داهێنان بەکاربێنێت. لەگەڵ ئەوشدا ئێمە لەبەردەم مەترسییەکی تازەداین، کە تایبەتە بە مرۆڤی مۆدێرن، مەترسییەکەش بریتییە لە بەبازاڕیکردنی پیشەسازیی زانیاری. بە مانایەکی تر، گەر لە سەردەمی کۆندا مرۆڤ تامەزرۆی ئەوە بووبێت دەستی ڕابگات بە سەرچاوەیەکی بچووکی زانیارییدا تا دەسبەجێ وەریگرێت و لە زەینیدا بیپارێزێت؛ ئەوە مرۆڤی سەردەمی ئێستا کێشەی لەو جۆرەی نیە، بەڵکو کێشەی زیادەخۆریی هەیە لە وەرگرتنی زانیاریدا بەبێ لێکدانەوە و هەڵاوێرکردن و هەڵسەنگاندن. ئەمەش وای لێدەکات ببێتە بەرخۆرێکی پاسیڤ. واتە مرۆڤی کۆن تووشی برسێتی و بەدخۆراکیی زانیاری ببوو، بەڵام مرۆڤی نوێ تووشی چڵێسی و زیادەخۆریی زانیارییەکان بووە تا ئاستی هێڵنج و هێنانەوەیان. ئەم واقعە تازەیە پێمان دەڵێت سەرباری بایەخ و گرنگیی تەکنۆلۆژیای زانیاری کە ڕۆشنایی خستۆتە سەر زۆر لایەنی تاریکی ژیانی مرۆیی و دەرفەتی یەکتر ناسین و پەیوەندیی فراوانی بۆ مرۆڤەکان ڕەخساندووە؛ بەڵام لە هەمان کاتدا تەکنۆلۆژیا هەر تەکنۆلۆژیایە، تەکنۆلۆژیای میکانیکی بێت یان ئەلیکترۆنی بێت، ئامرازێکی پەتییە و بە هەموو دیوێکی باش و خراپدا بەکاردەهێنرێت، بەئاسانی بۆ کۆنترۆڵکردن و گەمژاندن و بەتاڵکردنەوەی مرۆڤ لە ئیرادەو بیرکردنەوەی ئازاد بەکاردەهێنرێت.

لە پاش شۆڕشی چاپەمەنی سەر کاغەز و ڕۆژنامەوانی مۆدێرنەوە، لەگەڵ هەموو وەرچەرخانێکی مێژووییدا لە بواری گەشەکردنی ئامێرەکانی گواستنەوە و پاراستنی زانیارییدا، دوو بانگەوازی دژ بە یەک و پەڕگیر بەرگوێمان دەکەون. یەکێکیان موژدەبەخش و ئەوی

تریان تۆقێنەرە. بەڕای من نابێت بەئاسانی تەسلیمی هیچ کام لەو بانگەوازانە ببین، دەبێت ڕەخنەییانە لەئاست هەر بانگەوازێکدا بوەستین کە ستراتیژی ساناکردنەوە و گشتاندن و بەکاردێنێت. جیاوازییەکە لەوەدایە لە شۆڕشەکانی پێشوودا لە بواری زانیاری و چاپەمەنیدا، دەسەڵاتی سیاسی و ئاینی و کەلتوری توانای سانسۆر و قەدەغەکردنی زانیاریی هەبوو؛ بەڵام لە ئێستادا ڕۆژبەڕۆژ ئەو توانایە زیاتر لاواز دەبێت. هەندێک ئەمە بە خاڵێکی باش لە قەڵەم دەدەن بۆ ڕۆشنکردنەوەی زیاتری زەینیەتی مرۆڤ و دەستڕاگەیشتنی بە سەرچاوەکانی زانیاری. لە بەرامبەردا، هەندێک پێیانوایە گەمەکانی دەسەڵات بۆ سانسۆر و قەدەغەکردن گۆڕانی بەسەرهاتووە، ئێستا هەوڵدەدات لەبری سانسۆرکردنی زانیاری، ئەو ماتریکسە قۆرخ بکات کە زانیاری دروستدەکات و زانیاری دەبەخشێتەوە. واتە بەگوێرەی ئەم بۆچوونەوەی دووەم مرۆڤ لەبەردەم شاشەی کۆمپیوتەر و ئامێرە زیرەکەکاندا، لەناو تۆڕی فەزای مەجازیدا، تاکێکی ئازاد نیە؛ بەڵکو گەردێکی بێئەندازە بچووکە لەناو ماشێنێکی لە ڕادەبەدەر گەورەدا، داتایەکی زۆر بچووکە لەناو ماترێکسێکی ئەلیکترۆنی گەردوونیدا.

پرسیارەکە ئەوەیە، لە دوای دروستبوون و گەشەی بەردەوامی کۆمپیوتەرەوە دەبێت ئەو ئەرکە چی بێت کە زەینی مرۆڤ باشتر لە کۆمپیوتەر جێبەجێی دەکات. بیرکردنەوەی مرۆڤ لە چیدا لە بیرکردنەوەی کۆمپیوتەر کاراتر و پێویستترە. لەکاتێکدا کۆمپیوتەر باشتر لە مرۆڤ زانیاری و داتاکان دەپارێزێت، خێراتر و وردتر شیکاریی دەکات، جوانتر دیزاین دەنەخشێنێت، دوورتر دەبینێت و هەندێک جار پێشبینی دەکات و توانای چارەدۆزییشی هەیە. چی ماوەتەوە بۆ مرۆڤ لە سەردەمی کۆمپیوتەردا؟ لەڕاستیدا، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی کۆمەکمان دەکات گەشە بەو ناوچانەی زەین بدەین کە کۆمپیوتەر ناتوانێت کاری تێدا بکات، یان ناشییانە کاری تێدا دەکات. وەک مرۆڤ دەبێت هەوڵ بدەین زۆر زوو، لە

قۆناغەکانی سەرەتایی فێربوونەوە، ئاستی یەکەمی فێربوون تێپەڕێنین کە ئاستی وەرگرتنی زانیارییە بە شێوەیەکی پەتی. دەبێت لە بەرخۆریی زانیارییەوە ببین بە هەڵسەنگێنەری زانیاری. هەڵسەنگاندنی زانیاری دەرفەتمان بۆ دەڕەخسێنت توانا دەگمەنەکانی مرۆڤ لە ڕەسەنبووندا کەشفبکەین. کۆمپیوتەرەکان چەندە بێشومار بن کۆپیی یەکترن، وەکو یەک پرۆگرامکراون. بەڵام مرۆڤەکان، سەرباری لە یەکچوونیان لە ڕووی بایۆلۆژییەوە، خاوەنی تایبەتمەندی و ڕەسەنایەتیی خۆیانن لەڕووی ئۆنتۆلۆژییەوە. ڕاستە مرۆڤیش وەک کۆمپیوتەر پرۆگرام دەکرێت؛ بەڵام توانای ڕەخنەگرتن و یاخیبوونی هەیە لەو دەسەڵاتەی پرۆگرامی کردووە. ڕاستە مرۆڤیش دەبێتە کۆیلەی ماتریکسی کەلتوری و سیاسی و ئاینی؛ بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانێت پنتی بەرگری، هێزی نێگەتیڤ و پشێوی، بەباش یان خراپ، لەناو ماترێکسدا درووستبکات.

من هەستدەکەم ئێستا لە هەموو کات زیاتر پێویستمان بە گەڕانەوە هەیە بۆ فێنۆمینۆلۆژیستەکان و کەلەپووری فەلسەفیی بیریارانی تیۆرەی ڕەخنەیی کە سەدەیەک لەمەوبەر تیۆریزەیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی فاشیزمی خۆرئاوایی کرد لە هەموو فۆرمە جیاوازەکانیدا. لەو سەردەمەشدا هەموو ئاڕاستە تۆتالیتارەکان توانای ئەوەیان هەبوو خۆیان لەگەڵ ماتریکسی فاشییەتدا بگونجێنن و بیکەنە فۆرمێک بۆ لە قاڵبدانی ڕەسەنایەتی تاک و سەپاندنی کەلتوری مۆب و ڕۆشنبیریی جەماوەری. ئەگەر لەو سەردەمەدا بیریارە ڕەخنەییەکان ڕەخنەیان لە پۆزەتیفیزمی زانستی گرتبێت؛ ئەوە پێویستە لە ئێستادا ڕەخنە لە پۆزەتیفیزمی تەکنۆلۆژیای زانیاری بگرین، کە ئەویش وەک زانستی تەقلیدی دەکرێت بچێتە خزمەتی فاشیزمی سیاسی و فاشیەتی ڕای گشتیی خەڵکەوە.

لێک مارەکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی لەگەڵ بیرکردنەوەی داهێنەرانەدا، یان وەک فەیلەسووفانی تیۆرەی ڕەخنەیی دەیانوت: بەگەڕخستنی توانا شاراوەکانی گوتاری نێگەتیڤگۆ(نەرێگۆ)ـی هونەر لەپاڵ بیرکردنەوەی پەتی فەلسەفیدا کۆمەکمان دەکات پنتی بەرگری دژی فۆرمەکانی پاوانکاری درووستبکەین. یەکێک لەو فەیلەسوفانە هۆرکایمەر بوو کە پێی وابوو لە فەنتازیا و هونەردا ئەقلانیەتی نێگەتیف-گۆ هەیە، لە کرۆکی هەموو کارێکی ئێستاتیکیی ڕەسەندا بیرکردنەوەی ڕەخنەیی ئامادەیی هەیە، چونکە گەر فەلسەفە تیۆریزە بۆ ڕەخنە بکات ئەوە هونەر پراکتیسی دەکات.

**پرسیاری هەشتەم: گەر دەستەواژەی «عەقڵی کوردی» دەستەواژەیەکی درووست بێت، ئەوا ئەم عەقڵە چەندە پێویستی بە بیرکردنەوەی ڕەخنەییە و بۆ؟ لەکاتێکدا وا هەستدەکەین ئەم عەقڵە، کەمتر خۆی لە قەرەی ئەرگۆمێنتی عەقڵانی دەدات و بەباشی پەیوەندیی هۆ و ئەنجام ناپشکنێت و دۆزەکان پارچەپارچە و شیناکاتەوە...**

**ش. س:** لەهەر کۆمەڵگایەکدا دۆخی کۆڵەکتیڤیزم، واتە ڕۆحیەتی دەستەجەمعی، بەهێزبوو؛ بیرکردنەوەی ڕەخنەیی دەبێتە بەهایەکی لاواز و نەخوازراو. کۆڵەکتیڤیزم لە کۆمەڵگادا پەیوەندیی ڕاستەوانەی لەگەڵ دۆخی سۆسیۆ-سەنتەریزم لە بیرکردنەوەدا هەیە. واتە ئەو دۆخەی سیاسییەک لەبری حیزبەکەی، مەلایەک لەبری خواپەرستان، ئایدۆلۆژیستێک لەبری پێڕەوانی، باوکێک لەبری خێزانەکەی، تەنانەت مامۆستایەک لەبری قوتابیانی یان نوسەرێک

لەبری خوێنەرانی بیردەکاتەوە. لە کۆمەڵگای کوردیدا ئەم تایپە پاسیڤەی بیرکردنەوە ئامادەیی زۆری هەیە. بەڵام هاوکات دەبێت ئەوە بزانین بیرکردنەوەی ڕەخنەیی فەزیلەتێکی گەردوونییە و تایبەت نیە بە نەتەوەیەک یان کۆمەڵگایەکی دیاریکراو. واتە ئێمە ناتوانین تایپێک لە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی تایبەت بە کورد درووستبکەین؛ بەڵکو ڕاستتر دەبێت هانی قوتابیان و تاکەکانی کۆمەڵگای خۆمان بدەین گەردوونییانە بیربکەنەوە. بیرکردنەوەی گەردوونی ستراتیژێکی گرنگە بۆ دەربازبوون لە گرێ و تەپکەکانی سۆسیۆ-سەنتەریزم.

لە حاڵەتێکی وادا دەشێت بەر ئەو ئارگیۆمێنتە بکەوین کە دەڵێت پێویستە تایبەتمەنیی خۆمان وەک نەتەوە یان قەوارەی کۆمەڵایەتی بپارێزین. بەڵام لەڕاستیدا ئەوە تەنها بیرکردنەوەی ڕەخنەییە بەرچاوڕۆشنییمان دەداتی تا تایبەتمەندییەکانمان وەک کۆمەڵگایەکی دیاریکراو بەرامبەر هاوبەشییەکانمان لەگەڵ کۆمەڵگاکانی تردا دەستنیشان بکەین. غیابی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی هیچ تایبەتمەندییەک بەئاراستەی درووستکردنی قەوارە بۆ کوردبوون دەستەبەرناکات، هەر وەکو چۆن هیچ تایبەتمەندییەکی بۆ شوناسی عێراقیبوون یان سوننەبوون یان شیعەبوون درووستنەکردووە. ئەوەی ئێستا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا هەستی پێدەکرێت بەریەککەوتنی کۆمەڵێک پێکهاتەی ئیتنی و ئاینی و مەزهەبییە کە هاوشێوەی یەکن لەڕووی بنیاتی کۆمەڵایەتی و میکانیزمی دەسەڵاتەوە؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانای ئەنجامدانی ساناترین ئارگیومێنتیان نیە بەمەبەستی ناونان و چارەدۆزی بۆ کێشە و بەرژەوەندییەکان.

پێکداهەڵپژانی شوناسە لەیەکچووەکان وێنەی دووەمی پێکداهەڵپژانی پێکهاتە لەیەکچووەکانی ناو یەک شوناسە. بەمانایەکی تر هەروەک چۆن شوناسە ئیتنی و مەزهەبییەکان توانای ئارگیومێنت و ناونانی کێشەکانیان نیە؛ بەهەمان نەزم، لەناو یەک شوناسی ئیتنیی یان مەزهەبیشدا، حیزبەکان و شارەکان و کەرتە کۆمەڵایەتییەکان، تەنانەت خوێندەوار و نوسەرەکانیش، توانای ناونانی گرفت و بەرژەوەندی و کۆنسێپت و سیاقە جیاوازەکانیان نیە. بۆ نمونە کاتێک دوو حیزب، یان دوو ڕۆشنبیر، یان ژن و مێردێک، یان خاوەن دوو بەرژەوەندیی جیاوز، دانوستان یان ئارگیومێنت دەکەن...، زۆرجار ناگەنە ئەنجام و لێکحاڵیبوون. بگرە هەندێک جار ئارگیومێنت کێشەکانیان قووڵتردەکاتەوە، چونکە توانای ناونانی کرۆکی کێشەکانیان نیە، توانای لێکجیاکردنەوەی سیاقەکانیان نیە، یان وەک تۆ دەڵێیت توانای جیاکردنەوەی هۆکار و دەرەنجامی کێشەکانیان نیە. بە دەربڕینێکی تر ئەوانەی نالۆژیکییانە ئارگیومێنت دەکەن، هەرچەندە وەک یەک بیردەکەنەوە، بەڵام ناگەنە هیچ دەرەنجامێک. لەبەرامبەردا، ئەوانەی لۆژیکیانە ئارگیومێنت دەکەن، وەک یەک بیرناکەونەوە، بەڵام دەتوانن بگەنە ڕێکەوتن و چارەسەر. بیرکردنەوەی ڕەخنەیی فێرماندەکات ئەو کۆمەڵگایەی ئێمە تیایدا دەژین بەر لەوەی بوونێکی فیزیکی بێت لەسەر زەوی، کۆمەڵێک هاوکێشەی زەینییە لە ناو سەری مرۆڤەکاندا. دەسکاریکردنی هاوکێشە زەینییەکان دەبێتەهۆی دەستکاریکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیش.

ئەڵبەتە کۆمەڵگای کوردیش وەک کۆمەڵگا دراوسێکانی لەبەردەم چەندین ئەگەری جیاواز و چەندین ئاسۆی تێکڕژاودایە، لەبەردەم دۆخی گۆڕانکاریی کەلتوری و ئابوری و سیاسیدایە. بەڵام کێشەکە ئەوەیە گۆڕانکارییەکان زادەی ئیرادەی ناوخۆ نین؛ بەڵکو زیاتر بەرهەمی بەریەککەوتنی بەهاکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوایە لە سایەی پرۆسەی بەجیهانیبوونی بازاڕ و

خێرابوونی پەیوەندییەکان و فراوانبوونی فەزای مەجازیدا. لە مارکسەوە ئەوە فێربووین کە کاڵا و ئامێرەکان هەڵگری بەهای ڕەمزی و کۆمەڵایەتین. هەر ئامێر و کاڵایەک دێتە دنیای ئێمەوە ڕستێک بەهای کۆمەڵایەتیی نوێ لەگەڵ خۆی دێنێت کە دەچێتە پێکدادانەوە لەگەڵ بەها تەقلیدییەکانی کۆمەڵگادا. ئەمەش ئەو دۆخە درووستدەکات کە لە سۆسیۆلۆژیادا پێی دەوترێت کێشەی کۆمەڵایەتی. واتە هەر پێشکەوتنێک کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا ڕوودەدات، دەشێت ئاسۆی کرانەوە لەگەڵ خۆی بێنێت بەهەمان ئەو ئەندازەیەی دەشێت پەرچەکرداری موحافیزکارانە و فاشیانەی لێبکەوێتەوە. وەک ئەوەی لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا روویدا، کاتێک ئاشنابوونی جیهانی ئیسلامی بە مۆدێرنیتەی خۆرئاوایی، لەبری کرانەوە، فەندەمێنتاڵیزمی ئیسلامی و سەحوەی ئیسلامیی لەگەڵ خۆی هێنا.

بیرکردنەوەی ڕەخنەیی وەک چۆن هاوکاریمان دەکات لەڕێگای دەستکاریکردنی هاوکێشە زەینییەکانەوە دەستکاریی واقیع بکەین؛ بەهەمان شیوە کۆمەکمان دەکات بیرکردنەوەمان لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی واقیعدا بگونجێنین کە لە دەرەوەی ئیرادەی ئێمە ڕوودەدەن. بۆ نموونە لە ئەمریکا و خۆرئاوا چەندین ئارگیومێنتی فیکری و میدیایی دەربارەی گۆڕانکاریی بەهاکان سازدەکرێت کە زانست و گەشەی تەکنۆلۆژیا لەگەڵ خۆی دەیهێنێت. هەندێک جار بەهۆی بەهێزی و ئارگیومێنتی پارێزەرانی ئاکار و بەها کەلتوری و ئاینییەکانەوە، تیورەیەکی دیاریکراوی زانستی سڕدەکرێت، بەکارهێنانی ئامێرێک، یان جێبەجێکردنی کەشفێکی زانستی ڕادەگیرێت، وەک ئەوەی پەیوەندیی بە ئەندازیاریی جێنەتیکییەوە هەیە، یان تاقیکردنەوە لەسەر ئاژەڵان، یان پەیوەندیی نێوان منداڵ و تەکنۆلۆژیای زانیاری. بەڵام لە کۆمەڵگای خۆماندا هەمیشە کەلێنێک لەنێوان گۆڕانکارییەکانی واقیع و سیستمی بەهاکاندا هەیە، کە زۆرجار دەبێتەهۆی بەریەککەوتن یان تەسلیمبوونی پاسیڤانە.

**پرسیاری نۆیەم: ئایا بەپێی ئەو تایبەتمەندییانەی کە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی هەیەتی، کۆمەڵگا لە ململانێی سیاسی بەتاڵناکرێتەوە؟ سەرەنجامەکە بە خەساندنی ئەنتاگۆنیزم کۆتایینایەت؟ چونکە وادەردەکەوێت بیرکردنەوەی ڕەخنەیی تەنیا لە سنوری ناوەکەیدا نەمێنێتەوە و لە ڕەخنە دەرچێت و جۆرێک لە دیسپلینی سیستەماتیک بۆ ئینسانەکان درووستکات...**

**ش. س:** بەپێچەوانەوە، گرنگترین میکانیزمی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی ئارگیومێنتە کە دەرفەت دەڕەخسێنت بۆ سەلماندن و ڕەوایەتیبەخشین بە جیاوازییەکان و ململانێکان. ڕاستە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی وریامان دەکاتەوە کە بە ئاسانی فریونەخۆین لەئاست بانگەواز و تەڵەکانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایدیۆلۆژییدا، تا نەچینە ژێر باری ململانێیەک کە بژاردەی خۆمان نیە و نەکەوینە تەونی شەڕێکەوە کە تەنها ڕۆڵی سووتەمەنی یان کۆمبارسی پاسیڤ بگێڕین. بەڵام هاوکات دیدێکی یونیڤێرساڵمان دەداتێ تا دابەشبوونی تر و جیاوازیی تر ببینین. کاتێک چاویلکەی ڕەخنەیی لەچاو دەکەین هەندێک جیاوازی لەناو واقیعدا دەبینین کە پێشتر بێئاگا بووین لێیان. لەبەرامبەردا هەندێک جیاوازی دەپووکێنەوە یان کاڵ دەبنەوە کە پێشتر بە جەوهەری و قووڵ بینیومانن. هەموو ڕەوتە فاشیست و دەسەڵاتگەرەکان کار لەسەر زەقکردنەوەی هەندێک جیاوازی و سڕینەوە هەندێکی تر دەکەن. لە هەردوو حاڵەتەکەدا پەنا بۆ چەواشەگۆیی لۆژیکی و جوڵاندنی غەریزەی گوێڕایەڵی دەستەجەمعی دەبەن کە لەگەڵیدا بیرکردنەوەی ڕەخنەیی سفردەبێتەوە. هەربۆیە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و دیکتاتۆریەت دوو جەمسەرن کە هەرگیز ناگەن بە یەک. گەر ئەم کۆدژییە تەرجەمەبکەین بۆ زمانی سیاسەت دەتوانین بڵێین بیرکردنەوەی ڕەخنەیی هەمیشە لە ململانێدایە لەگەڵ تاکڕەوییدا، بەتایبەتی تاکڕەوی لە بیرکردنەوەدا.

بیرکردنەوەی ڕەخنەیی دژی ئەو مۆدێلە باوەی ململانێیە کە لایەنەکانی ململانێ پێکهاتەیەکی هەرەمییان هەیە و لەسەر دوالیزمی لووتکە (سەرۆک) و بنکەی (جەماوەر) دامەزراون. لە بەرامبەردا ئاستێکی تری ململانێ دەبینێت کە ئاسۆییە و بکەرەکانی تاکەکەسی ئازادن. ڕۆشنتر، پێویستە بیرکردنەوەی کۆڵەکتیڤی -دەستەجەمعی- لە بیرکردنەوەی دامودەزگایی جیابکەینەوە؛ چونکە مەرج نیە دەزگاکان هەمیشە بکوژی بیرکردنەوەی تاکەکان بن، دەشێت کۆکەرەوەی دیدگا جیاوازەکان بن لە دیدی ستراتیژیدا بە مەبەستی بینینی ئەو گۆشانەی کە تاک بە تەنها توانای بینینیانی نیە. واتە دەشێت ئاڵتەرناتیڤی بیرکردنەوەی کۆڵەکتیڤی لە شێوەی تۆڕدا بێت بە مەبەستی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵێک پنتی جیاواز، هەر پنتێک نوێنەرایەتی تاکێکی ئازاد، یان دیدگایەکی دیاریکراو دەکات. سەرەنجام بەیەکگەیشتنی دیدگا جیاوازەکان دیدێکی هاوبەش درووستدەکات کە دەکرێت ناوی بنرێت دیدگای کۆمەڵگا. بەڵام لە کۆمەڵگای کۆڵەکتیڤیدا، دیدگای کۆمەڵگا شتێک نیە بەشێوەیەکی دینامیکی و بەردەوام لەلایەن گرووپ و تاکەکانەوە فۆرمەلە بکرێت؛ بەڵکو دیدێکی پێشوەختە کە پێویستە تاکەکان پابەندی بن، ڕێزی لێبگرن و دووبارەی بکەنەوە. هەربۆیە سرووشت و مانای ململانێ لە کۆمەڵگایەکدا کە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی تیایدا ئامادەیە، تەواو جیاوازە لە هی کۆمەڵگا تەقلیدییەکان.

کەسێک ڕەخنەییانە بیربکاتەوە ناچێتە ململانێیەکەوە کە بکەرەکانی پاسەوانی شوناسە ئیتنی و مەزهەبی و ئایدیۆلۆژییەکان بن. لێرەدا، پێویستدەکات هاوسۆزیی ڕۆشنبیری Intellectual Empathy و هاوشوناسی Identification لێک جیابکەینەوە. بیرکردنەوەی ڕەخنەیی بڕوای بە هاوسۆزیی ڕۆشنبیری هەیە، واتە کاتێک چاویلکەی کەسێکی تر یان ڕوانگەی کەسێکی تر، جیاواز لە خۆمان، تاقیدەکەینەوە؛ ئەوەی لە ئینگلیزیدا پێی

دەوترێت لەپێکردنی پێڵاوی ئەوانی تر. ئەم ستراتیژە دوو بایەخی هەیە: بایەخی مەعریفی و بایەخی ئاکاری. لەڕووی مەعریفییەوە هەندێک ناوچە ڕۆشندەبنەوە کە بەهۆی خود-سەنتەرییەوە تاریکیمان خستووەتە سەری، لەڕووی ئاکارییشەوە دەشێت بەشێوەیەکی گریمانەیی هەست بەو گرفتانە بکەین کە هی خۆمان نین. بەڵام هاوشوناسی شتێکی تەواو جیاوازە، ئێمە کاتێک شوناسگۆڕکێ لەگەڵ گرووپێکی دیاریکراودا دەکەین، ئیتنی بێت یان کەلتوری بێت یان ئایدیۆلۆژی، شوناسیی گەردوونی خۆمان لەدەستدەدەین. توانای ئەوەمان نامێنێت مەسافە وەرگرین و لە دەرەوە تەماشای خۆمان و شتەکان بکەین. لەوەش خراپتر توانای بینینی کۆنتێکست لەدەستدەدەین، کە چ لەڕووی مەعریفی و چ لەڕووی ئاکارییەوە پێچەوانەی هاوسۆزیی ڕۆشنبیرییە. لەڕووی مەعریفییەوە تووشی ئەو وەهمە دەبین کە تێگەیشتنی گرووپەکەمان بۆ هەموو شوێن و هەموو سەردەمێک دەستدەدات. لەڕووی ئاکارییشەوە، خەمساردانە و بێباکانە تەماشای ئەو کەسانە دەکەین کە وەک ئێمە بیرناکەنەوە یان سەر بە شوناسی ئێمە نین.

**پرسیاری دەیەم: لە کۆمەڵگایەکدا کە دەزگا گەشەی سرووشتیی نەکردبێت و وەک بەرهەمی زەروورەت دەرنەکەوتبێت، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی چۆن گەشەدەکات؟**

**ش. س:** پرسیارێکی گرنگە. ڕەنگە ئەوە بۆ کۆمەڵگای کوردی زۆر ڕاست بێت. بە قەناعەتی من بیرکردنەوەی دەزگایی پێویستی بە پێگەیشتن و کامڵبوونی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی زیاتر هەیە لەوەی ئێستا. تا ئەو کاتەی دەبین بە خاوەنی بیرکردنەوەی دەزگایی، هەموو هەوڵێک بۆ دروستکردنی گرووپ، بە گرووپی فیکرییشەوە، بە ئەقڵیەتی

کۆڵەکتیڤی کۆتایی دێت. ئەو دۆخەی کە تیایدا لەبری ململانێی لەگەڵ دەرەوەدا، ململانێ لەسەر مۆنۆپۆڵکردن و باوکایەتی گرووپ دەکرێت. لە دۆخێکی وادا، ئیشکردن لەسەر خۆمان وەک تاک زۆر گرنگە، چونکە هەموو تاکێکی بیرکەرەوە پنتێک لە ڕۆشنایی فیکری درووستدەکات. کاتێک لە دوورەوە تەماشای پنتە ڕووناکەکان دەکەین لەشێوەی تۆڕدا دەردەکەون. لە واقعیشدا تاکە بیرکەرەوەکان لەڕووی ستراتیژییەوە ئەو شتە درووستدەکەن کە لە زمانی سەردەمدا پێی دەوترێت نێت وۆرک، کە هەوێنی ئەقڵیەتی دەزگایی و ئاڵتەرناتیڤی ئەقڵیەتی هەرەمی و گرووپبەندیی کۆڵەکتیڤییە.